Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# لێکەوتەی کاروچالاکییەکانی شانۆیی قوتابخانەیی لە قوتابخانەکانی خوێندنی بنەڕەتی شاری هەولێر و ڕێگاکانی بەرەوپێشبردنی (لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە)

**احمد ابوبكر مصطفى[1] - جواد نعمت حسين[2]**

[1+2]بەشی پەروەردەی هونەری، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبو لە دەرخستنی لێکەوتەی(واقعی)کارو چالاکییەکانی شانۆی قوتابخانەیی لە خوێندنگاکانی خوێندنی بنەڕەتی شاری هەولێر و ڕێگاکانی بەرەوپێشبردنی لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی پەروەردەی هونەریی و سەرپەرشتیارە پسپۆڕەکان، میتۆدی وەسفی شیکاری بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە بەپێی سروشتی بابەتی توێژینەوەکە و ئامانجەکەی بەکارهێنراوە، و کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیبو لە (٣٧٠) مامۆستای پەروەردەی هونەر و(١٦)سەرپەرشتیاری هونەریی لە ناوەندی شاری هەولێر، هەروەها نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (٧٤) مامۆستای پەروەردەی هونەریی و(٩) سەرپەرشتیاری هونەریی، کە بە شێوازی مەبەستدار لە کۆمەڵگەکە بەپێی بواری پسپۆڕیان هەڵبژێردران، و ئامرازەکانی توێژینەوەکە بریتیبو لە دو ڕاپرسی یەکەمیان ڕاپرسییەکی کراوە و دوەمیان ڕاپرسییەکی داخراو کە پێکهاتبو لە (٢٧) کێشە و (٣٦) پێشنیار بۆ بەرەوپێشبردنی چالاکییەکان، کە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و هاوکۆڵکەی کوپەر شیکارکرا، پاش جێبەجێکردنی ڕاپرسییەکان بە شێوەی کۆتایی بەسەر نمونەی توێژینەوەکە، هاوکێشەی (ناوەندی شیاو) بەکارهێنرا بۆ شیکارکردنی زانیاری و داتاکان بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەمانەن:

١- تێڕوانینی بابەتی پەروەردەی هونەرو چالاکییەکانی و بەراوردکردنی بە شێوەی گشتی بە وانەکانیتر، لەلایەن مامۆستایانی بابەتەکانیتر هەروەها کەسوکاری قوتابیان.

٢- دیاریکردنی کەمتەرخەمی لایەنە بەرپرس و پەیوەندیدارەکان بۆ بابەتی پەروەردەی هونەر، لە وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شاری هەولێر، بەرامبەر بە چالاکییەکانی شانۆیی قوتابخانەیی.

٣- دەستنیشانکردنی لاوازی بایەخدان بە بابەتی شانۆی قوتابخانەیی و چالاکییەکانی لەلایەن دەستەی کارگێری خوێندنگاکانی شاری هەولێر، لەگرنگترین پێشنیازەکانی بەرەو پێشبردنی چالاکییەکان ئەمانەن:

أ- دروستکردنی هۆلی گونجاو و دابینکردنی پێداویستییەکان بەشێوەیەکی گشتی بۆ چالاکییەکانی شانۆی قوتابخانەیی لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان.

ب- جێکردنەوەی بەشی وانەی هونەری شانۆ لە وانەکانی پەروەردەی هونەریی بەڕێژەیەکی گونجاو.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

هەروەها توێژینەوەکە بە چەند ئەنجام وراسپاردە و پێشنیازێک کۆتایی هاتوە وەک ناونیشان بۆ چەند توێژینەوەیەکی دیکە.

**کلیلە وشەکان:** چالاکی، شانۆ، خوێندنگای بنەڕەتی، ڕوانگە، سەرپەرشتیاران.

**Article Info:**
**DOI:** **10.26750/Vol(9).No(5).Paper1**
**Received:** 1-January-2022
**Accepted:** 1-February-2022
**Published:** 29-December-2022
**Corresponding Author E-mail:**
ahmed.120004@univsul.edu.iq
jawad.hussein@univsul.edu.iq
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### پێشەکی:

ئاشکرایە هونەر بە ناوازەترین بەرهەمەکانی شارستانیەتیەت لە مێژوی مرۆڤایەتیدا ئەژماردەکرێت، هەروەها هونەری شانۆ بە باوکی هەمو هونەرەکان ناسراوە، چونکە هەڵگری کۆمەڵێک ئامانج و پەیامی پەروەردەیی و هونەری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی بەسودە بۆمرۆڤ، کومەڵگەی مرۆڤایەتی بەشێوەی گشتی لەدێرزەمانەوە درکی بە گرنگی و بایەخی ئەم هونەرە کردوە وەک ئامرازێک بۆ هۆشیارکردنەوە و بڵاوکردنەوەی وەک بیروبۆچونی ئایینی، فەلسەفی، ئاکاری، ڕامیاری، هونەری، ئیستاتیکی لەنێو چینەکانی کۆمەڵگەدا و هەریەک بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆی بەکاریهێناوە.

### ١-١ کێشەی توێژینەوەکە:

شانۆی قوتابخانەیی وەک لقێک لە لقەکانی هونەری شانۆ، یەکێکە لە پێداویستە گرنگەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە سەرجەم قۆناغەکانی فێرکردندا بە شێوەی گشتی، وەک شێوازێک و ئامرازێک بۆ فێرکردن، جگە لە هۆکارێک بۆ چێژوەرگرتن وبلاوکردنەوەی هۆشیاری ڕۆشنبیری وهونەری و ئیستاتیکی، لەم ڕوانگەوە بایەخێکی زۆر و بەرچاوی لەلایەن زۆرینەی خوێندنگاکانی وڵاتانی جیهاندا پێدراوە، بەتایبەتی لە وڵاتە پێشکەوتوەکان وەک وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا، ئەوەش لەبەرئەوەی هۆکارێکە بۆ دەرخستنی کارامەییەکانی

خوێندکارە بەهرەمەندەکان لە بواری نواندن و شانۆگەریدا، جێی ئاماژەیە زۆر لە ئەکتەرە ناودارەکانی وڵاتانی جیهان، سەرەتاکانیان لە شانۆی قوتابخانەییەوە دەستپێکردوە، پاشان پەرەیان بە توانا ولێهاتوییە هونەرییەکانیان داوە. خۆشیان بە قەرزداری ئەو قۆناغە دەزانن.

جێی ئاماژەیە بەشداریکردنی خوێندکار لە چالاکییەکانی شانۆیی قوتابخانەیی بە کۆمەڵی سود و قازانج بۆی دەگەڕێتەوە، کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر کەسایەتییەکەی دەبێت وەک: فێربونی کارکردن بە شێواز و ڕوحیەتی هەرەوەزی و دورکەوتنەوە لە خەسڵەتی خۆپەرستی، هەروەها بوێرو چاوکراوەتر دەبێت، توانای بۆ قسەکردن و گوزارشتکردن بە ئازادی و سەلیقەت و بێ شەرمکردن بەهێزتر دەبێت، هەروەها زۆرجار شانۆیی قوتابخانەیی و چالاکی شانۆیی هۆکارن بۆ چارەسەرکردنی هەندێک بەربەست وکێشەی دەرونی لای خوێندکاران، ئەمە جگە لە پڕکردنەوەی کاتی بەتاڵی خوێندکار بە کاری بە سود وگرنگ و پەرەپێدان بە تواناکانی.

هەروەها شانۆی قوتابخانەیی هەڵگری کۆمەڵێک ئامانجی فێرکاری مەعریفی و سۆزداری و لێهاتوی کردارییە وەک هاوکاریکردنی خوێندکاران بۆ: فێربونی بابەتەکانی خوێندن بە شێوازێکی ئاسانتر، پەرەپێدان بە توانا و بەهرە جۆراوجۆرەکانیان، گەشەسەندن بە چێژی هونەرییان، پاڵپشتیکردنیان بۆ کاری دەستەی بەکۆمەڵ و هەرەوەرزی، ئاشناکردنیان بە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان، پەرەپێدان بە لێهاتوییە کۆمەڵایەتییەکان، ئاڕاستەکردنیان بۆ بایەخدان بە بەهاو و ڕەفتارە شیاوەکان، لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە وەکو پێویست، دەبینین لە وڵاتانی جیهاندا بەشێوەی گشتی، شانۆی قوتابخانەیی بەبەردەوامی خراوەتە ژێر پرۆسەی هەڵسەنگاندن و توێژینەوەی زانستی لە لایەن توێژەران و خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە زانکۆکاندا، بۆ نمونە وەک توێژینەوەی هەریەک لە (الطائي، ١٩٨٩)، (جبر، ٢٠٠٩)، (ناصر،٢٠١٣)، ئەمەجگە لە بەستنی کۆنگرە و کۆربەند و سیمناراتی جۆراوجۆر دەربارەی ئەم بابەتە لە دامودەزگا فێرکارییەکان بەشێوەی گشتی، ئەمە سەبارەت بە دۆخ و واقعی کارو چالاکییەکانی شانۆی قوتابخانەیی لەخوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لەخوێندنگاکانی شاری هەولێری پایتەخت، کە تەوەری سەرەکی بابەتی ئەم توێژینەوەیە، تا ئێستا نازانین ئایا لە چ ئاست و دۆخێکدایە؟ ئایا بایەخی پێویست پێی دراوە ؟ یان نا ؟ و ئایا ئامانجە پەروەردەرییەکانی بە سەرکەوتویی بەدیهێناوە؟ یان نا؟ ئایا دوچاری تەنگوچەڵەمە و گرفت و بەربەست بوە؟ یان نا؟ جێی ئاماژەیە لە ئاکامی بەدواداچونێکی سەرەتایی لەسەر ئەم بابەتە لەرێگای چاوپێکەوتن لەگەڵ بژاردەیەک لە مامۆستایانی شانۆ لە خوێندنگاکانی شاری هەولێر دەرکەوت، بەڵێ کۆمەڵێک کێشە و گرفت هەن ڕوبەڕوی چالاکییەکانی شانۆی قوتابخانەیی بونەتەوە، ئایا سود وەرگیراوە لە ئەزمونی وڵاتە پێشەکەوتوەکانی جیهان بۆ پەرەپێدان بە کارو چالاکییەکانی شانۆی قوتابخانەیی لە خوێندنگاکانمان؟ یان نا؟ ئەوەش لەبەرنەبونی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی زانستی پێشو لە سەر ئەم بابەتە. کە ئەمە خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی فێرکاری زانستیە، توێژەر بەپێی بواری پسپۆریەکەی (هونەری شانۆ) بەمەبەستی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بە شێوەیەکی ئەکادیمی، بڕیاریدا بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، ئەمە خۆی لەخۆیدا بریتییە لە کێشەی توێژینەوەکە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

## ١-٢ گرنگی توێژینەوەکە:

لەم چەند خاڵانەی لای خوارەوە بەرجەستە دەبێت:

١-٢-١ سودی دەبێت بۆ:

بەڕێوەبەرایەتییەکانی چالاکی هونەری لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، لەڕێگای زانینی واقیعی کار و چالاکییەکانی هونەری شانۆ لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان، و هەوڵدان بۆ پەرەپێدان بە خاڵە ئەرێنیەکانی و چارەسەرکردنی خاڵە نەرێنییەکانی، بە ئاراستەی بەرزکردنەوەی ئاستی شانۆی قوتابخانەیی لە خوێندنگاکانمان وەک ئەوەی لە وڵاتە پێشکەوتەکانی جیهان پەیڕەودەکرێت.

١-٢-٢ مامۆستایانی بابەتی پەروەردەی هونەری لەبواری شانۆیی قوتابخانەیی، لە خوێندنگاکانی شاری هەولێر و کوردستان بە شێوەی گشتی، لە ڕێگای سودوەرگرتن لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

بۆ پەرەپێدان بە کارو چالاکیەکانی شانۆی قوتابخانەیی لە خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان.

١-٢-٣ خوێندکارانی خوێندنی باڵا وەک توێژینەوەیەکی پێشو، لە کاتی ئەنجامدانی لەم جۆرە توێژینەوانەدا لەڕێگای سودوەرگرتن لە زانیاری و ڕێکارەکانی ئەنجامدانی.

١-٢-٤ کتێبخانەی کوردی، لە ڕێگای دەوڵەمەندکردنی وەک سەرچاوەیەکی زانستی و هونەری ڕەسەن.

**١-٣ ئامانجەکانی توێژینەوەکە،** بریتییە لە:

١-٣-١ دەرخستنی لێکەوتەی (واقعی) کارو چالاکییەکانی شانۆی قوتابخانەیی لە خوێندنگاکانی خوێندنی بنەڕەتی شاری هەولێر، لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی پەروەردەی هونەری.

١-٣-٢خستنەروی کێشە و ڕێگاکانی بەرەوپێشبردنی کارو چالاکییەکانی شانۆی قوتابخانەیی لە خوێندنگاکانی خوێندنی بنەڕەتی شاری هەولێر، لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی پەروەردەی هونەری و سەپەرشتیارە پسپۆڕەکان.

## ١-٤ سنوری توێژینەوە:

١-٤-١ سنوری بابەت: واقعی کارو چالاکییەکانی شانۆی قوتابخانەیی لە خوێندنگاکانی خوێندنی بنەڕەتی شاری هەولێر. و پێشنیازەکانی بەرەوپێشبردنی لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی پەروەردەی هونەری و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە.

١-٤-٢ سنوری مرۆیی: مامۆستایانی بابەتی پەروەردەی هونەری و سەرپەرشتیارانی پسپۆری ئەم بابەتە لە چوارچێوەی شاری هەولێر.

١-٤-٣ سنوری شوێن: نمونەیەک لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر.

١-٤-٤ سنوری کات: واقعی کارو چالاکییەکانی شانۆی قوتابخانەیی لە خوێندنگاکانی خوێندنی بنەڕەتی شاری هەولێر. لە ماوەی ساڵی(٢٠١٣ تا ٢٠٢٠).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

## ١-٥ پێناسەی زاراوەکان

### ١-٥-١ شانۆی قوتابخانەیی

ئەم زاراوە بە چەند شێوازی پێناسە کراوە لە لایەن پسپۆران و شارەزایان وەک:

أ- پێناسەی (ابو المعال، ١٩٨٤)

" ئەو شانۆییە کە تایبەتە بە خوێندنگایەک یان کۆلێژێک یان پەیمانگایەکی دیاریکراو، شانۆگەری لەبۆنە تایبەتەکان وەک دەرچونی خوێندکاران لە کۆتایی ساڵ پێشکەش دەکات، یان بۆنە ئاینی و نەتەوەیەکان، بینەران پێکدێن لە دایک و باوکی منداڵانی قوتابخانەکە کە بانگهێشت دەکرێن، و ئەکتەرەکان پێکدێن لە خوێندکارانی قوتابخانەکە" (أبو المعال، ١٩٨٤: ٥٦)

ب -پێناسەی (الانصاری، ١٩٨٥)

"بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی درامیی، کە لەسەر ستێجی شانۆ بەرجەستە دەکرێت و بابەتەکانی بریتیین لە بابەتی پەروەردەیی و فێرکاری، ئاراستەی بینەری قوتابی لە تەمەن جیاواز دەکرێت، بە مەرجێک توانای پەرپێدان بە هزر و هەست و سۆزیان هەبێت، لەڕێگای بەکارهێنانی ناوەڕۆکی باش و فۆرمی هونەری جوان. (الانصاري،١٩٨٥: ٤٠)

ت – پێناسەی (المنبعی ١٩٩٠)

"نمونەیەکی هونەری ئەدەبییە کە کاریگەری پەروەردەیی هەیە لەسەر وەرگردا هەیە، پشت بە چەندین توخمی ئەدەبی دەبەستێت لەوانە: دارشتنی درامیی (الحبکە الدرامیە)، کارەکتەرەکان، دیالۆگ، کەشوهەوای دەرونی، ململانێ، تەکنیکی یارمەتیدان وەک جلوبەرگ و دیکۆر و ڕوناکی و کاریگەرییە دەنگییەکان و دیمەنی شانۆیی" (المنبعي،١٩٩٠: ٨٣)

توێژەر پێناسەیەکی ڕێکاری بۆ ئەم چەمکە دەکات بریتییە لە:

کۆمەڵێک چالاکی درامییە، کە لەسەر تەختەی شانۆی خوێندنگەکان نمایش دەکرێت، لە بۆنە تایبەتەکاندا وەک دەرچونی خوێندکاران لە کۆتایی ساڵ، یان بۆنە ئاینیی و نەتەوەییەکان، ناوەڕۆکی بابەتەکانی بریتیین لە بابەتی پەروەردەیی و فێرکاری، بەمەبەستی گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو بە خوێندکاران بۆ سەرجەم قۆناغەکانی بنەڕەتی، مامۆستایانی قوتابخانەو بەڕێوەبەرانی پەروەردەیی و دایک و باوکی منداڵانی قوتابخانەکانیش بانگهێشت دەکرێن بۆ نمایشەکان، و ئەکتەرەکان پێکدێن لە خوێندکارانی قوتابخانەکان کە لە ژێر چاودێری و ڕاهێنانی مامۆستای پەروەردەی هونەری پراکتیک نمایش دەکەن.

### ١-٥-٢ خوێندنی بنەڕەتی

بریتییە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی خوێندنی قوتابخانەیی، کە پۆلەکانی (١ – ٩) لەخۆدەگرێت، و خوێندکارەکان لە تەمەنی (٦ – ١٥) ساڵ دەگرێتەخۆ، بەدەر لە ساڵانی کەوتن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

### ١-٥-٣ مامۆستای پەروەردەی هونەر

بریتییە لە مامۆستایانی بابەتی پەروەردەی هونەر، کە لە خوێندنگە بنەڕەتییەکانی ناوەندی شاری هەولێر وانەکە دەڵێتەوە و هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن کە دەرچوی یەکێک لە کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکانن، یان بەشی پەروەردە لە کۆلێجەکانی پەروەردەی بنەڕەت، یان هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمن لە یەکێک لە پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکان.

## بەشی دووەم

## پێشینەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشو

### ٢-١: پێشینەی تیۆری

### ٢-١-١ کورتە باسێکی مێژویی

ســەرەتای نواندن بۆ دەرکەوتنی قوتابخانە نوێیەکان ناگەڕێتەوە بەڵکو لە ســەدەی شــازدەهەم دو قوتابخانەی بەریتانی بەناوی (ئیتون و ویســتمنســتر) کاری نواندنیان کردە بەشــێ لە پرۆگرامەکانی خوێندیان بە پاســاوی ئەوەی کە ڕێگایەکی زۆر باشــە بۆ کاری پێشــکەشــکاری بە شــێوەزاری لاتینی، لە دەرەوەی قوتابخانەکان نوســەرێکی بەناوبانگ نەبوە بۆ نوسـینی دەقی شـانۆگەرییەکان، کە قوتابیان ڕۆلی نواندنیان تێدا دەگێرا، بەڵکو مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی قوتابخانەکە کاری نوسین و دەرهێنانیان بۆ شانۆگەرییەکان دەکرد، ناوەرۆکی شــانۆگەرییەکان زۆربەی کات مەتەڵ و نوکتەی خەندە ئامێزی لەخۆیدەگرت، بەمەش شــانۆگەریەکان (راف ڕویســترد ویســتر) بەیەکێک لە شـانۆگەرییە بەربڵاوەکان دادەنرێت، کە لەلایەن ســەرپەرشـتیاری قوتابخانەی (ئیتون)ەوە کاری نوسینی بۆ کراوە(وارد، ١٩٦٦: ١٧)

گرنگیدان بە شــــانۆگەری لە ولاتی ئەمەریکا ســــەرەتا زیاتر لە چوارچێوەی قوتابخانەکان بو، کە زیاتر لەو پرۆگرامانە دەردەکەوێت، کە بۆ قوتابخانەکان داڕێژرا بو، تێکەڵکردنی بواری نواندن و شــــانۆ و لکاندنی بە پرۆگرامەکانی خوێندنەوە ڕۆلە گەورەکەی بۆ پرۆفیســۆر (فورتجل) کولێژی مامۆســتایان– زانکۆی کۆلۆمبیا ساڵی ١٩١٧ دەگەڕێتەوە، کە تێیدا یەکەم دەقی ڕێکخستنی پرۆگرامەکانی خوێندنی دەستنیشانکرد بەشێوەیەکی میتۆدی ساڵی١٩٢٥ (مقبل،١٩٧٨:٤٥).

لە پێناوی قوڵبونەوە و ڕۆچون بەناو بنەماکانی شانۆ و نواندن کۆلێژەکان و قوتابخانەکانی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بایەخێکی زۆریان بە دامەزراندنی شــــانۆی منداڵان داوە، بەهەمان شــــێوە کولێژ و قوتابخانەکان بایەخێکی زۆریان بە خوێندنی میتۆدەکانی شــــانۆگەری بۆ ئاراســــتەکردنی قوتابیەکانیان داوە (أبو حجلة، ١٩٨٥:١٠٧).

بارودۆخی ولاتی ڕوسیا هیچ جیاوازییەکی نەبو لەگەڵ ولاتانی تر لەڕوی بایەخدان بە شانۆگەری قوتابخانەکان و شانۆی منداڵان بە تایبەتی، لە ساڵی ١٩١٨ هۆڵی شانۆی مۆسکۆ دامەزرا بۆ شانۆگەری منداڵان، دواتر گۆڕا بۆ پەیمانگە و پاشان بوە هۆڵێکی گەورە و بەناوبانگی شانۆگەری لە شاری مۆسکۆ(وارد،١٩٦٦: ٢٤).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

وڵاتانی عەرەبیش دابراو نەبون لە وڵاتانی پێشـــکەوتو لە بایەخدان بە بواری شـــانۆگەری و نواندن لە قوتابخانەکان و جێی ئاماژەپێدانە نێردە تەبشـــیرییە مەســـیحییە ئینگلیزی و فەرەنســـی و ئیتاڵی و ئەڵمانی و ڕوســـییەکان لە کۆتاییەکانی ســـەدەی نۆزدەهەم ڕویان لە زۆرینەی وڵاتە عەرببییەکان کردبو، و قوتابخانەی تایبەت بەخۆیان لەو وڵاتانە کردبووەوە، لە پاڵ پرۆگرامەکانی خوێندن ئەم قوتابخانانە هەڵدەستان بە ئەنجامدانی چەندین چالاکی وەکو شانۆگەری ئەمەش ڕۆڵی هەبو لە پێشخستنی بواری شانۆگەری لەو وڵاتانە، بەجۆرێک وڵاتانی وەکو میســـر و ســـوریا و لوبنان و عێراق و فەڵەســـتین کە بەڕوی وڵاتانی جیهاندا کراوە بون، زۆر بایەخیان بەم جۆرە چالاکییانە لە قوتابخانەکانیاندا دەدا و تێیدا قوتابیان ڕۆڵەکانیان دەگێڕا و مامۆستاکانیانیش کاری دەرهێنانیان بۆ شانۆکەیان دەکرد. (واصف، ١٩٨٥:١٢٣)

هەروەهـا لەم توێژینەوەدا بوار بۆ بـاســـکردنی وردەکـاری چـالاکییە شـــانۆییەکـان کراوەنییە تـایبەت بە قوتابخانەکانی ئەو وڵاتانە.

هەروەها لەوڵاتانی کەنداوی عەرەبی لەپاڵ شانۆی منداڵان شانۆی گەورەکانیش هەبوە، لە وڵاتی سعودیە شانۆ ســـەریهەڵدا بەو پێیەی بەشـــێک لە چالاکی تاکەکەســـی قوتابیان بوە ئەویش لە چوارچێوەی پێشـــبرکێیەکانی چاودێری لاوان، بەشێوەیەکی تایبەتی شانۆی منداڵان نەبوە.

لە وڵاتی ئیمارات یەکەم تیپی هونەری شـــانۆیی لە دوبەی ســـاڵی ١٩٧٢ بەناوی (شـــانۆی نیشـــتمانی لاوان) سەریهەڵدا بوە، ئەویش بە پشتبەستن بە بیروڕای شارەزا و پسپۆڕانی بواری شانۆی عەرەبی، سەرەڕای بونی زۆر تیپی هونەری شـــانۆیی بۆ گەورەکان تیپی هونەری شـــانۆیی بۆ منداڵان نەبوە، لە وڵاتی بەحرێن ســـاڵی ١٩٥٢ شـــانۆگەری قوتابخانەکان لە شـــاری (مەنامە) دەســـتی پێکرد، و ســـاڵی ١٩٧٥ بۆ یەکەم جار بەشـــی شـانۆگەری قوتابخانەیی لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن دامەزرا، لەگەڵ ئەوەشـدا شـانۆی منداڵان هێشـتا سەریهەڵنەدابو (سلیمان، ٢٠٠٥:١ –٢)

لە وڵاتی قەتەر سەرەڕای بونی زۆر تیپی هونەری شانۆیی بەڵام دیسانەوە تیپی هونەری شانۆی منداڵان بونی نەبوە، لە ســـاڵی ١٩٨٩ ژمارەی ئەو قوتابخانانەی کە نمایشـــی شـــانۆییان پێشـــکەش دەکرد گەیشـــتە (٥٧٨) قوتابخانە، مێژوی ســـەرهەڵدانی شـانۆگەری منداڵان لە وڵاتی کوێت دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی ١٩٧٨ بەناونیشـانی (ســـندبادی دەریاوان) لە دەرهێنانی (منصـــور المنصـــور)، پاشـــان شـــانۆی منداڵان بوە کاڵایەکی بازرگانی و هەریەک لای خۆیەوە شانۆگەری منداڵانەی پێشکەش دەکرد (الغریب، ٢٠٠٢،١).

لە عێراقدا قوتـابخـانەکـان هەمـان ڕێچکەی وڵاتـانی تری عەرەبی گرتبوەبەر، ئەمەش وای کردبو زۆرێک لە مامۆســـتایان و قوتابیان کاری نواندنی شـــانۆگەریان لە قوتابخانەکانیان دەکرد و زیاتر شـــانۆگەری مێژویان پێشکەش دەکرد(الزبیدی،١٩٦٧: ٣)

لەشـاری موسـڵ و بەغداد لە سـەدەی بیسـتەمدا چەندین نواندنی شـانۆیی لە قوتابخانەکان نمایشـکراون، و مامۆســـتاکان هەســـتاون بە ســـەرپەرشـــتیکردن و دەرهێنانی شـــانۆگەرییەکان (المفرجی، ١٩٨٨: ١٦)، ئەو قوتابخانانەی کە جیادەکرانەوە بە پێشـکەشـکردنی کاری شـانۆگەری قوتابخانەیی، مامۆسـتاکانیان کەسـانێکی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

نوسەر و دەرهێنەر بون، پاش خۆیان قوتابییەکانیان دوای تەواوکردنی خوێندنیان درێژەیان بەکاری مامۆستاکانیان دەدا، ئەگەرچی لەوکات کەسانی پسپۆری بواری نواندن و دەرهێنان زۆر کەمبون، هەربۆیە لە ساڵی (١٩٦٥) قوتابخانەیەک بونیادنرا بەناوی (ئەلبێرت داود) لە کۆتایی هەمو ساڵێک شانۆگەری بە زمانی عەرەبی و زمانەکانی تر نمایش دەکرد و تێیدا قوتابیان ڕۆڵی نواندنیان دەگێرا، ئەوەی دەردەکەوێت لە نمایشە شانۆییانەی کەپێشکەش دەکرا لە قوتابخانەکان لە ستافی دەرهێنەری شانۆییەکە ئەندامی دەستەی فێرکاری بونە و هیچ پەیوەندییەکان بە شانۆوە نەبوە، لە ساڵی (١٩٣٣) بە بەشداری کۆمەڵێک قوتابی کچ و مامۆستای ئافرەت لە قوتابخانەی (حەیدەرخانە) لە شاری بەغداد شانۆگەرییەکیان پێشکەشکرد بەناونیشانی (شازادەی ئەندەلوس) کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە کاری دەرهێنانی بۆ کردبو، لەهەمان ساڵدا کچانی بەشەناوخۆیی (خانەی مامۆستایان) لە شاری بەغداد بەناونیشانی (ژن نەهێنان) کە بەڕێوەبەری بەشەناوخۆییەکان کاری دەرهێنانی بۆ کردبو، لە ساڵی (١٩٣١) قوتابخانەی (باب الشیخ)ی سەرەتایی شانۆگەرییەکیان بەناونیشانی (پاکی ئافرەت) پێشکەشکرد، کە کۆمەڵێک قوتابی کچ بەشداریان تێداکردبو و کاری دەرهێنان و سەرپەرشتیکردن خودی بەڕێوبەری قوتابخانەکە لە ئەستۆی خۆی گرتبو، دوای تێپەڕبونی چوار ساڵ قوتابخانەی نیشتمانی لە شاری بەغداد شانۆگەرییەکی بەناونیشانی (صلاح الدين الايوبی) پێشکەشکردن کچان تێیدا ڕۆڵی پیاوانیان دەگێرا و ڕۆڵی کەسایەتییەکانیان دەنواند(عطيه، ١٩٩٦: ٤١).

لەم ساڵانەی دوایدا شانبەشانی قوتابخانەکانی کوڕان قوتابخانەی کچانیش دەستیان بە پێشکەشکردنی شانۆگەری کرد، کە مامۆستایان یان سەرپەرشتیاران یان بەڕێوەبەری قوتابخانەکان سەرپەرشتی کاری شانۆکەیان دەکرد، بەشێوەیەکی گشتی کاری نواندنی شانۆیی لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەکانەوە ئەنجامدەدرا و زۆرجاریش کاری دەرهێنان و نوسینی لەلایەن مامۆستاکانەوە دەکرا(المفرجی، ١٩٨٢: ١٥١).

جێی ئاماژەیە قوتابخانە مەسیحییەکان بەتایبەتی قوتابخانەی (الاكليركيه) کە لەلایەن قەشەکانی دۆمنیکانەوە دامەزرێنرابو لەشاری موسل ساڵی (١٧٥٠) لە چوارچێوەیەکی ئاینیدا زۆر بایەخی بەکاری شانۆگەری داوە، ئەم شانۆگەریانە لەلایەن قەشەکانی لوبنانەوە دارشتنی دەقەکانی بۆ دەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا قەشە عێراقییەکانیش کاری نوسینی دەقی شانۆگەرییەکانیان دەگرتە ئەستۆ(الطالب،١٩٧١: ٦)

دوای جەنگی جیهانی یەکەم ساڵی ١٩١٤ بۆ ١٩١٨ و دامەزراندنی دەسەڵاتی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٢١ سەرلەنوێ نماشی شانۆییەکان سەریانهەڵدایەوە و لە قوتابخانەوە گوازرانەوە بۆ شوێنە گشتییەکان و بوە جێگای تێڕامانی ڕۆشنبیران، سەرکەوتنی بواری شانۆیی لە قوتابخانەکان وای لە کۆمەڵگای عێراقی کرد کە هەست بە گرنگی و بایەخی بکەن و دان بەوە بنێن کە پێویستە ئەم بوارە زیاتر گرنگی پێبدرێت و ڕۆڵی تەواوی خۆی پێبدرێت، قوتابخانەکان ڕۆڵێکی گەورەیان گێرا بە گەڵاڵەکردنی ئەم بیرۆکەیە بۆیە دەتوانین بڵێین شانۆگەری قوتابخانەکان توانی ئامانجی گەورەی پەروەردەیی لای قوتابیان بەدیبهێنێت، چەمک و بەهاکان لایان پتەوتر بکات جا لەڕێگەی دەقی شانۆییەوە بێت یاخود کاری نواندن و پێشکەشکردنەوە بێت بەهەمو پێکهاتەکانیەوە(مهدی، ١٩٨٥: ٦).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

### ٢-١-٢ تایبەتمەندیەکانی شانۆی قوتابخانە:

شانۆی قوتابخانە بەکۆمەڵێک تایبەتمەندی جیادەکرێتەوە لەوانەش:

- شانۆی قوتابخانە لە نمایشەکانیدا پشت بەتواناکانی قوتابیانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی دەبەستێت.
- لەکاتی دەوامدا نمایشە شانۆییەکان پێشکەشدەکرێت.
- قوتابیان خۆیان شانۆگەرییەکان پێشکەشدەکەن.
- بینەری شانۆکان زۆربەی کات قوتابیان و کەس وکاریان ستافی پەروەردە و فێرکردنی قوتابخانەکان دەبێت.
- بە توانا و ئامراز و کەرەستەیەکی زۆر سادەوە شانۆکان ئەنجامدەدرێن لەهۆڵێکی تایبەت بە شانۆ لە قوتابخانەکان یان گۆرەپانی قوتابخانەکان.
- قوتابیان کاری نواندن دەکەن بە جلوبەرگی شیاو بە نمایشەکە.
- لەبۆنە فەرمییەکان پێشکەش دەکرێت و بۆماوەی چەند ڕۆژێک بەردەوام دەبێت.
- ئامانج لێی پەرەدانە بە ئارەزوی هونەری و ئەدەبی قوتابیان یان بینەران. (هارف، ٢٠٠٨: ٤-٥)
- زۆربەی کات مامۆستایان یان سەرپەرشتیاران یان بەڕێوەبەران سەرپەرشتی شانۆکان دەکەن کە خاوەنی توانایەکی ئەکادیمی نین.
- شانۆی قوتابخانە پشت بە دەنگ و ڕەنگ و مۆسیقاو جوڵە و هێماکان و شێوەکاری دەبەستێت. (دوفینیو، ١٩٧٨: ٥٤)

### ٢-١-٣ سود و گرنگییەکانی شانۆی قوتابخانەیی:

شانۆی قوتابخانەیی سودێکی زۆری بۆ قوتابیان هەیە کاتێک ڕۆڵی خۆیان تێدادەگێرن وەک:

- وروژاندنی لایەنی سۆزداری قوتابیان و گەشەدان بە هەستی چاک و درک پێکردنی ڕاست و دروستیان.
- دروستکردنی تێروانینی نوێ لای قوتابیان، ئەمەش وا دەکات گەشە بە تواناکانیان بدەن لە ڕوی بیرکردنەوە و کرانەوە و دەربڕین و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی.
- لایەنی مەعریفیان تێردەکات و ئەزمونی نوێیان پێدەبەخشێت.
- توانای عەقلیان بەهێزدەکات و خەیاڵیان دەوروژێنێت.
- دڵنیایان دەکات لەوەی بەها ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان چ جۆرە ڕەفتارێکیان لێدەخوازێت و چ بەرهەمێکی لێیان دەوێت.
- حەز و ئارەزویان دەوروژێنێت بەرامبەر بە زانست.
- لە بواری ئەدەبی و هونەری و موسیقی و شێوەکاریدا دەوڵەمەندیان دەکات (غنیم،٢٠٠٤: ٢).

هەروەها ئەنجامدانی کاری نواندنی شانۆیی سودێکی زۆری بۆ قوتابیان هەیە جا ئەگەر خۆیان نواندن بکەن یان یارمەتی هاورێکانیان بدەن لەوانەش:

- دروستکردنی گیانی وەفاداری و فیداکاری و ڕێز و بەرپرسیارێتی لای قوتابیان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

- پڕكردنەوەی كاتی بەتاڵی قوتابیان بە چالاكی پەروەردەیی و هونەری سودبەخش (الجبوری،٢٠٠٥،٢٦)
- دروستكردنی گیانی خۆشەویستی و خۆشحاڵی و چێژوەرگرتن لای قوتابیان.
- بەهێزكردنی هەستەكانی پەیوەست بە توانا عەقڵییەكان لای قوتابیان وەكو بیركردنەوە و داهێنان (ابومغلی،٢٠٠٨: ٩٦)

### ٢-١-٤ ئامانجەكانی شانۆی قوتابخانە:

شانۆی قوتابخانەیی خاوەنی كۆمەڵێك ئامانجی پەروەردەیی و فێركارییە لەوانەش:

- یارمەتیدانی قوتابیان بۆ تێگەیشتن لە واقیعی ژیان.
- بەهێزكردنی گیانی نیشتمان پەروەریی لای قوتابیان.
- فراوانكردنی توانای بیركردنەوەی قوتابیان و گەشەدان بەعەقڵ و سۆز و هەستەكانیان.
- ئامادەكردنی قوتابیان تاوەكو ببنە هێزێكی بەرهەمهێن.
- ئامادەكردنی قوتابیان بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ببنە بینەرێكی تێگەیشتوی شانۆ.
- ئاشناكردنی قوتابیان بە تەكنیك و هونەرەكانی شانۆ.
- یارمەتیدانی قوتابیان بۆ بەدەستهێنانی ئەم شارەزایانەی خوارەوە:

گواستنەوەی بیرۆكەكان لەرێگەی نواندنەوە، خێرایی لەبیركردنەوە و دەربڕین، كارجوانی و ڕەوانبێژی، هەڵێنجان و دەربڕینی بیرورا، بوێری هونەری و وێژەیی، گەشەكردنی هەستەوەرەكانی، توانای كاركردن بەشێوەی هەرەوەزی، پەیوەستبون و ڕێكخستن و باش گوێگرتن و ئارامی دەرونی. (ابو حجلة،1985، ص٨٨)

### ٢-٢ – لێكۆڵینەوەكانی پێشو

توێژەر چەند لێكۆڵیەوەیەكی پێشو نزیك لە توێژینەوەكەی خۆی دەستكەوت، بەڵام ئەوانە زیاتر نزیكبون و سودی لە زانیاری و ڕێكارەكانیان بینی ئەمانەی خوارەوەبون.

٢-٢-١ لێكۆڵینەوەی (الطائی، ١٩٨٩)

بە ناونیشانی (لێكەوتەی شانۆی قوتابخانەیی لە عێراق و ڕێگاكانی پەرەسەندنی)

ئامانجەكانی توێژینەوەكە بریتییبو لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە:

- لایەنە ئەرێنیەكانی شانۆی قوتابخانەیی چین؟
- ئەو كێشانەی ڕوبەڕوی كارمەندانی شانۆی قوتابخانەیی دەبن چین؟
- ڕێگاكانی پەرەپێدان بە شانۆی قوتابخانەیی لە عیراقدا چین؟

میتۆدی وەسفی بەكارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەكە، و كۆمەڵگەی توێژینەوەكە بریتیبو لە سەرپەرشتیارانی هونەری شانۆ لە بەڕێوەبەرەكانی چالاكی قوتابخانەیی لەپارێزگاكانی عێراق.

لە گرنگترین ئەنجامەكانی توێژینەوەكە ئەمانەبون:

١- سەبارەت بە ئامانجی یەكەم:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

- چالاكییەكانی شانۆی قوتابخانەیی یارمەتیدەربون بۆ پەتەوكردنی گیانی نیشتمانپەروەریی و نەتەوەیی لای خوێندكاران.

- شانۆی قوتابخانەیی ڕێگەخۆشكەر بو بۆ دەرخستنی هونەرمەندانی شانۆیی

٢- سەبارەت بە ئامانجی دوەم ئەم كێشانە خرانەڕو:

- كەمی دەقی شانۆییی قوتابخانەیی پەروەردەیی.

- لاوازی ئاستی هاندانی نوسەران بۆ نوسینی دەقی شانۆی قوتابخانەیی.

- لاوازی ئاستی هوشمەندی بەشێک لە تاكەكانی كۆمەڵگەی فێركاری دەربارەی ڕۆڵ و گرنگی شانۆی قوتابخانەیی. (السبتي،٢٠٠٨: ٣٦٠)

٢-٢-٢ توێژینەوەی (جبر، ٢٠٠٩)

بە ناونیشانی (جانتایەكی فێركاری بۆ كاراكردنی چالاكی شانۆی قوتابخانەیی لە خوێندنگە سەرەتاییەكانی پارێزگای میسان)

ئامانجی توێژینەوەكە بریتییبو لە:

یەكەم: دەرخستنی لێكەوتەی چالاكی شانۆی قوتابخانەیی لە خوێندنگە سەرەتاییەكانی پارێزگای میسان

دوەم: هەوڵدان بۆ كاراكردنی چالاكییەكانی شانۆی قوتابخانەیی لەخوێندنگە سەرەتاییەكانی پارێزگای میسان.

میتۆدی وەسفی و ئەزمونی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەكە بەكارهێنراوە، بەپێی سروشتی بابەتەكەی و ئامانجەكانی. هەروەها دیزاینی یەک كۆمەڵەی ئەزمونی خاوەن تاقیكردنەوەی پێشوەخت و پاشوەخت بۆ ئەزمونی توێژینەوەكە بەكارهێنراوە.

سەبارەت بە ئامانجی یەكەم:

١- كەمی هۆڵی شیاوی شانۆ لە خویندنگەكان بۆ پێشكەشكردنی نمایشە شانۆییەكان، بە شێوەیەک كە لە (٢,٥%) لە خوێندنگەكان هۆڵی شانۆیان هەبو، و لە (٠,٥%) لە خوێندنگاكان تیپی شانۆیان هەبو.

٢- نەبونی پرۆگرامێكی فێركاری گشتگیر بۆ بابەتی پەروەردەی هونەری و شانۆی قوتابخانەیی، بۆ ئەوەی مامۆستاكان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی بابەتەكە بەكاریبهێنن.

٣- ڕەتكردنەوەی بابەتی شانۆی قوتابخانەیی لەلایەن كەسوكاری خوێندكاران.

٤- كەمی بایەخدان بە چالاكییە هونەرییەكان لەلایەن مامۆستایانی بابەتی پەروەردەی هونەر.

هەروەها سەبارەت بە ئامانجی دوەم:

١- مامۆسایانی كۆمەڵەی ئەزمونی توێژینەوەكە سەركەوتنیان بەدەستهێنا، لەبەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی شانۆی قوتابخانەیی و چالاكییەكانی، لە ڕێگای جانتا فێركارییەكە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

٢- کارایی بەکارهێنانی بنەمای (پاداشت و سزا) بۆ بەگەڕخستنی چالاکی شانۆی قوتابخانەیی، لای ئەندامانی تیپەکان. (جبر، ٢٠٠٩: ٣٠٩ – ٣٣٥)

٢-٢-٣ لێکۆڵینەوەی (ناصر،٢٠١٣)

بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی چالاکییە شانۆییەکان لە خوێندنگەکانی دواناوەندی قەزای خالص لە ڕوانگەی مامۆستایانی پەروەردەی هونەرییەوە)

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییی بو لە هەڵسەنگاندنی چالاکییە شانۆییەکان لە خوێندنگە دواناوەندییەکانی قەزای خالص لەڕوانگەی مامۆستایانی پەروەردەی هونەرییەوە، لە ڕێگای پرسیارێک کە دەڵێت (ئایا ئەو کێشانەی ڕووبەروی چالاکییە شانۆییەکان دەبنەوە لە خوێندنگە دواناوەندیەکانی قەزای خالص چین؟) و لە گرنگترین ئەنجامەکانی وەکو کێشە ئەمانەبون:

- پێدانی وانەکانی بابەتی پەروەردەی هونەری بە مامۆستای بابەتەکانیتر.
- کەم بایەخدان بە بابەتی پەروەردەی هونەری لەلایەن بەڕێوەبەرەکانی خوێندنگە دواناوەندییەکان.
- نەبونی پێداویستەکانی نمایشکردنی چالاکیە شانۆییەکان لە خوێندنگەکان.
- نەبونی بودجەی پێویست بۆ ئەنجامدانی چالاکی شانۆیی لە خوێندنگە دواناوەندییەکان
- کەمی دەقی شانۆیی گونجاو بۆ خوێندکارانی قۆناغی دواناوەندی. (ناصر، ٢٠١٣: ٣٥٠)

## بەشی سێیەم

## میتۆد و ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

ئەم بەشە ڕێکارەکانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

### ٣-١ میتۆدی توێژینەوەکە

میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، بەپێی سروشتی بابەتەکەی و ئامانجەکانی.

### ٣ -٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

پێکهاتوە لە دو کۆمەڵگە (مامۆستایانی پەروەردەی هونەر) و (سەرپەرشتیارانی هونەری) و وردەکارییەکانیان بەم شێوەی خوارەوەیە:

### ٣-٢-١ کۆمەڵگەی مامۆستایانی پەروەردەی هونەر

بەپێی زانیارییەکانی بەشی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی شاری هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ – ٢٠٢١) کۆمەڵگەکە پێکهاتوە لە ( ٣٧٠) مامۆستا، بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

**أ- بەپێی ڕەگەز**

پێکهاتبون لە (١٣٠) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر، (٢٤٠) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ، وەک ئەوەی لە خشتەی (١-٣) خراوەتەڕو.

خشتەی (٣- ١) ژمارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە مامۆستایانی پەروەردەی هونەر بەپێی ڕەگەز

| ژمارەی مامۆستا | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| نێر | % | مێ | % | |
| 130 | %35 | 240 | %65 | 370 |

**ب – بەپێی بڕوانامە و ڕەگەز**

بەو شێوەیە دابەشدەکرێن، کە لە خشتەی (٣- ٢) خراوەتەڕو.

خشتەی (٣- ٢)

ژمارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە مامۆستایانی پەروەردەی هونەر

بەپێی بڕوانامە و ڕەگەز

| بڕوانامە | ژمارە | % | ژمارە بەپێی ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | % | مێ | % |
| بەکالۆریۆس | 65 | %17.57 | ٢٣ | %35 | 42 | %65 |
| دبلۆم | 305 | %82.43 | ١٠٧ | %35 | 198 | %65 |
| کۆ | 370 | %100 | ١٣٠ | %35 | 240 | %65 |

**ت- بەپێی شوێنی دەرچون و بواری پسپۆری**

بەو شێوەیە دابەش دەکرێن، کە لە خشتەی (٣- 3) خراوەتەڕو.

خشتەی (٣- 3)

ژمارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە مامۆستایانی پەروەردەی هونەر

بەپێی بڕوانامە و پسپۆریان

| شوێنی دەرچون | ژمارە | ژمارە بە پێی بواری پسپۆری | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | شانۆ | % | شێوەکار | % | مۆزیک | % |
| کولێجی هونەرە جوانەکان | 65 | 4 | %6.15 | 46 | %70.76 | 15 | %23.07 |
| پەیمانگەی هونەرە جوانەکان | 305 | 93 | %30.49 | 105 | %34.42 | 107 | %35.08 |
| کۆی گشتی | 370 | 97 | | 151 | | 122 | |

و جێی ئاماژەیە ( ١٠٩) مامۆستای ناپسپۆر لە دەرچوانی کولێژ و پەیمانگاکانیتر، بەواقعی (٥٩) هەڵگری بڕوانامەی بەکەلۆریوس و (٤٥) هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم، بەدەر لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وانەی پەروەردەی هونەر لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان دەڵێنەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

### ٣-٢- ٢ کۆمەڵگەی سەرپەرشتیارانی هونەر

کۆمەڵگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆری هونەر لە بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی شاری هەولێر پێکهاتبو لە (١٦) سەرپەرشتیار بەواقعی (١١) لە ڕەگەزی نێر و (٥) لە ڕەگەزی مێ، وەک ئەوەی لە خشتەی (٣-4) خراوەتەڕو:

خشتەی ( ٤-٣) ژمارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە سەرپەرشتیارانی پسپۆری هونەر

| نێر | % | مێ | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی سەرپەرشتیار | | | | |
| ١١ | ٦٨,٧٥ | ٥ | ٣١,٢٥ | ١٦ |

### ٣- ٣ نمونەی توێژینەوەکە

بەپێی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە دو نمونە:

### ٣- ٣ -١ نمونەی مامۆستایانی پەروەردەی هونەر

توێژەر بەپێی قەبارەی کۆمەڵگەی مامۆستایانی توێژینەوەکە و ڕێنماییەکانی چۆنیەتی هەڵبژاردنی قەبارەی نمونەی توێژینەوە لە سەرچاوەکانی بواری میتۆدۆلۆجی، و بەپێی توانای خۆی، هەستا بەهەڵبژاردنی نمونەیەک لە کۆمەڵگەی مامۆستاکان بەڕێژەی (٪٢٠) کەپێکهاتبو لە (٧٤) مامۆستا، بە شێوازی چینی ڕێژەیی قەسدەنی یان شێوە هەڕەمەکی، وپولێن دەکرێن بەم شێوەی لای خوارەوە:

#### أ- بەپێی ڕەگەز

پێکدێن لە (٢٦) مامۆستا لە ڕگەزی نێر بە ڕێژەی (٪٣٥) و (٤٨) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ بەرێژەی (٪٦٥) ئەمەش بەرەچاوکردنی تایبەتمەندی ڕێژەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، وەک ئەوەی لە خشتەی (٥-٣) ڕون کراوەتەوە:

خشتەی (٥-٣) نمونەی توێژینەوەکە لە مامۆستایانی پەروەردەی هونەر بەپێی ڕەگەز

| نێر | % | مێ | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی مامۆستا | | | | |
| ٢٦ | %35 | 48 | %65 | 74 |

#### ب- بە پێی بڕوانامە و ڕەگەز

بەو شێوەیە دابەش دەکرێن، کە لە خشتەی (٣- ٦) خراوەتەڕو.

خشتەی (٣- ٦)

ژمارەی نمونەی توێژینەوەکە لە مامۆستایانی پەروەردەی هونەر بەپێی بڕوانامەو ڕەگەز

| بڕوانامە | ژمارە | % | ژمارە بە پێی ڕەگەز و بڕوانامە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | % | مێ | % |
| بەکەلۆریۆس | 13 | %17.57 | 5 | %35 | 8 | %65 |
| دبلۆم | 61 | %82.43 | 21 | %35 | 40 | %65 |
| کۆ | 74 | %100 | 26 | %35 | 48 | %65 |

#### ت- بەپێی بواری پسپۆری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

بەو شێوەیە دابەش دەکرێن، کە لە خشتەی (٣- 7) خراوەتەڕو.

خشتەی (٧-٣) نمونەی توێژینەوەکە لە مامۆستایانی پەروەردەی هونەر بەپێی بواری پسپۆری

| شوێنی دەرچون | ژمارە | ژمارە بە پێی بواری پسپۆری | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | شانۆ | % | شێوەکار | % | موزیک | % |
| کولێجی هونەرە جوانەکان | 13 | 1 | %٦,١٥ | 9 | %70.76 | 3 | %23.07 |
| پەیمانگەی هونەرە جوانەکان | 6١ | 18 | %30.49 | 21 | %34.42 | 22 | %35.08 |
| کۆی گشتی | ٧٤ | 19 | %25.67 | 30 | %40.54 | 25 | %33.78 |

پ- بەپێی بواری پسپۆری و ڕەگەز

بەو شێوەیە دابەش دەکرێن، کە لە خشتەی (٣- 8) خراوەتەڕو.

خشتەی (٣-8)

نمونەی توێژینەوەکە لە مامۆستایانی پەروەردەی هونەر بەپێی بواری پسپۆری ورەگەز

| شوێنی دەرچون | ژمارەی مامۆستا بە پێی پسپۆری و ڕەگەز | | | | | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شانۆ %6.15 | | شێوەکار %70.76 | | موزیک %23.07 | | |
| | نێر %35 | مێ %65 | نێر %35 | مێ %65 | نێر %35 | مێ %65 | |
| کولێژی هونەرە جوانەکان | 0 | 1 | 3 | 6 | 1 | 2 | 13 |
| پەیمانگەی هونەرە جوانەکان | 6 | 12 | 8 | 13 | 8 | 14 | 61 |
| کۆی گشتی | 6 | 13 | 11 | 19 | 9 | 16 | 74 |

### ٣ – ٣ – ٢ نمونەی سەرپەرشتیاران

پێکهاتوە لە (9) سەرپەشتیار بە ڕێژەی (%٥٦) لە کۆمەڵگەی سەرپەرشتیارانی توێژینەوەکە بە واقیعی (٦) لە ڕەگەزی نێر، و(٣) لە ڕەگەزی مێ، هەڵبژێردران لەلایەن توێژەر بەپێی توانا و ڕادەی هاوکاری سەرپەرشتیارەکان بە شێوازی چینی قەسدەنیی.

بەم شێوەیە نمونەی گشتی توێژینەوەکە لە مامۆستایان و سەرپەرشتیاران بریتییبو لە (٨٣) بەواقیعی (٧٤) مامۆستا و (٩) سەرپەرشتیار بە ڕێژەی (٢١,٥٠٪) لە کۆمەڵگەی گشتی توێژینەوەکە، کە لە (٣٧٠) مامۆستا و (١٦) سەرپەرشتیار پێکدێت.

### ٣-٤ ئامرازی توێژینەوەکە

بریتییبو لەدو ڕاپرســـی یەکەمیان کراوە و دوەمیان داخراو، توێژەر هەســـتا بە ئامادەکردنیان بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

أ- ســەرەتا بە مەبەســتی خســتنەڕوی واقیعی چالاکییە شــانۆییەکان لە خوێندنگا بنەڕەتییەکانی ناوەندی شــاری هەولێر، ڕێگاکانی بەرەوپێشــبردنی لە ڕوانگەی مامۆســتایانی پەروەردەی هونەر و ســەرپەرشــتیارانی هونەر، هەســتا بە ئامادەکردنی ڕاپرســـییەکی کراوە پێکهاتبو لە دو تەوەر، تەوەری یەکەم تایبەت بو بەمامۆســتایانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

پەروەردەی هونەر و پێکهاتبو لە (٤) پرسـیار، تەوەری دوەم تایبەت بو بە مامۆسـتایانی پەروەردەی هونەرو سەرپەرشتیارانی هونەر و پێکهاتبو لە (٢) پرسیار (کێشەکان و پێشنیازەکان)، و لە پێناوی دڵنیابون لە ڕاستی و دروسـتییەکەی لەڕوی زانسـتی و زمانەوانیدا، دابەشـیکرد بەسـەر بژاردەیەک لە مامۆسـتایانی شـارەزا لە بواری توێژینەوەی زانسـتی و هونەردا (پاشـکۆ:١) و بەپێی ڕاوبۆچونیان هەندێک چاکسـازی لە ناوەڕۆکی ڕاپرسییەکە ئەنجامدرا، بەو شێوەیە ڕاستگۆیەکەی بە شێوازی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی دەرهێنرا.

ب- پاش ئامادەکردنی ڕاپرسـییەکە بە شـێوەی کۆتایی (پاشـکۆ: ٢) هەسـتا بە دابەشـکردنی بەسـەر نمونەی توێژینەوەکە لە مامۆسـتایانی پەروەردەی هونەر و سـەرپەرشـتیارانی هونەر، کە پێکهاتبو لە (٧٤) مامۆسـتا و (٩) سەرپەرشتیار، لەمیانەی هەفتەیکدا (لە 1/ 12 / 2020 تا 8/ 12 / 2020).

ت- پاش کۆکردنەوەی وەڵامی ڕاپرسـییەکان لە نمونەی توێژینەوەکە، دەسـتیکرد بە شـیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕاپرسییەکان.

پ- بەپێی زانیارییەکانی ڕاپرسـییە کراوەکە هەسـتا بە ئامادەکردنی ڕاپرسـییەکی داخراو بە شـێوەیەکی سەرەتایی، تایبەت بو بە تەوەری دوەمی ڕاپرسییەکە (کێشەو پێشنیازەکان) پێکهاتبو لە (٤١) برگە وەکو کێشە، و ( ٥٣) پێشـنیاز بۆ چۆنیەتی بەرەوپێشـبردنی چالاکییە شـانۆییەکان، و بەمەبەسـتی دڵنیابون لە ڕاسـتی و دروستی برگەکان لەڕوی زادستی و زمانەوانیدا، نمایشی کرد بە سەر بژاردەیەک لە مامۆستایانی شارەزا لە بواری توێژینەوەی زانسـتی و هونەری شـانۆدا (پاشـکۆ: ١) لەڕێگای ڕاپرسـێکی ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستە (پاشـکۆ: ٣)، بە پێی تێبینییەکانیان هەندێک گۆڕانکاری ئەنجامدا بە سـەر دەقی بەشـێک لە برگەکان لەڕوی زمانەوانیدا، جگە لە لابردنی هەندیگ برگە و زیادکردنی هەندێک برگەی تر، ولە کۆتایدا جێگیر بو لە سەر (٢٧) کێشە و (٣٦) پێشنیاز، بەو شێوەیە ڕاستگۆیەکەی دەرهێنرا بە شێوازی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی.

ج- بەمەبەسـتی دەرهێنانی (هاوکوڵکەی نەگۆڕی) ڕاپرسـییەکە، توێژەر پاش ئامادەکردن و ڕێکخسـتنی ڕاپرسـییەکە، بە شـێوەی شـێوە کۆتایی، هەسـتا بەجێبەجێکرنی بە سـەر نمونەیەکی لاوەکی پێکهاتبو لە(٦٣) مامۆسـتای پەروەردەی هونەر وسـەرپەرشـتیاری هونەری، بە واقیعی (٦٠) مامۆسـتا و (٣) سـەرپەرشـتیار، لە دەرەوەی نمونە سـەرەکییەکەی توێژینەوەکە، بەپێی توانا وڕادەی دەسـتکەوتنی مامۆسـتاکان و هاوکارییان، (جێی ئاماژەیە بە هۆی نالەباری ڕەوشی دەوامی ماموستاکان، ڕاگرتنی دەوام بە هۆی بڵاوبونەوەی فایرۆسی کۆرۆنا، توێژەر زۆر بەگرانی توانی دەستی بگات بە مامۆستاکان) وپاش تێپەربونی دو هەفتە، هەستا جارێکی تر بە دابەشـکردنی ڕاپرسـییەکە بە سـەر ئەندامانی هەمان نمونە لاوەکییەکە، و دواتر هەسـتا بە شـیکردنەوەی داتاکانی ڕاپرسییەکانی هەردو جارەکە لە ڕێگای بەکارهێنانی هاوکۆڵکەی پەیوەستبونی پێرسون (معامل ارتباط بیرسـون)، و لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای هاوکۆڵکەی نەگۆڕی ڕاپرسـییەکە بریتییە لە (٠,٨٤) و ئەمەش بەهاییەکی بەرزە، بەو شێوەیە دڵنیابو لەڕادەی نەگۆری ڕاپرسییەکە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

### ٣-٥ جێبەجێكردنی ئامرازی توێژینەوەكە

توێژەر پاش ئامادەكردنی ڕاپرسییە داخراوەكە بە شێوەی كۆتایی (پاشكۆ: ٤ هەستا بە دابەشكردنی بەسەر ئەندامانی نمونە سەركییەكەی توێژینەوەكە لە مامۆستایان و سەرپەرشتیاران)، لە ماوەی هەفتەیەكدا لە (28/3/2021) تا (6/4/2021)، و پاش كۆكردنەوەی وەڵامی ڕاپرسییەكان بە تەواوی، هەستا بە شیكردنەوەی داتاكان لە ڕێگای بەكارهێنانی هاوكێشەی (ناوەندی شیاو) و كێشی سەدی، بە مەبەستی دەرهێنانی ئەنجامەكانی توێژینەوەكە.

### 5-3 هاوكێشە ئامارییە بەكارهێنراوەكان

لەپێناوی شیكردنەوەی زانیاری و داتاكانی توێژینەوەكە، ئەم هاوكێشە ئامارییانەی لای خوارەوە بەكارهێنران:

**أ-هاوكێشەی كوپەر ( Cooper)**

بۆ دەرهێنانی ڕێژەی ڕێكەوتنی شارەزاكان لە سەر برگەكانی هەردو ڕاپرسی یەكەم ودوەمی توێژینەوەكە.(البهرزی١٩٨٩:٨٢)

ب – **هاوكێشەی فیشەر بۆ ناوەندی شیاو (الوسط المرجح):**

بۆ باسكردنی هەر برگەیەك لەبرگەكانی ئامرازی توێژینەوەكە و زانینی بەهاكەی، هەروەها بۆ مەبەستی ڕاڤەكردنی ئەنجامەكان، ئەم هاوكێشەیە بەكارهێنراوە:

$$\text{ناوەندی شیاو} = \frac{(\text{ت}١\times٣)+(\text{ت}٢\times٢)+(\text{ت}٣\times١)}{\text{مج ت}}$$

(صبري، ٢٠٠٦: ١٠٦)

ت – كێشی سەدی برگە = ناوەندی شیاوی برگە ÷ بەرزترین بەها لە بژاردەكانی سكێڵەكە كە یەكسانە بە (3) × ١٠٠ (ناصر، ٢٠١٣: ٣٦١)

پ- هاوكێشەی پێرسۆن Pearson correlation coefficient بۆ دەرهێنانی ڕێژەی نەگۆڕی ئامرازەكە. (الجادری٢٠٠٧: ٢٨٨).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

# بەشی چوارەم

## ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەكانی توێژینەوەكە

لەم بەشەدا ئەنجامەكانی توێژینەوەكەو ڕاڤەكردنیان، جگەلە ڕاسپاردەو پێشنیازەكانی دەخرێتەڕو بەم شێوەی لای خوارەوە:

### ٤-١ ئەنجامەكانی توێژینەوەكە و ڕاڤەكردنیان

#### ٤-١-١ ئەنجامی ئامانجی یەكەم

كە بریتییبو لە (دەرخستنی لێكەوتەی (واقع) كارو چالاكییەكانی شانۆی قوتابخانەیی لەخوێندنگاكانی خوێندنی بنەڕەتی شاری هەولێر، لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی پەروەردەی هونەری ئەنجامەكان بەم شێوەی خوارەوەیە:

أ- پرسیاری یەكەم كە دەقەكەی بریتییبو لە (ئایا چالاكی شانۆییت ئەنجامداوە لەقوتابخانەكەت لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣ تا ٢٠٢٠)؟ ئەنجامەكەی بەم شێوەبو كە لە خشتەی(٤- ١)خراوەتەڕو:

خشتەی (٤-١) ئەنجامی پرسیاری یەكەمی ئامانجی یەكەم

| ژمارەی پرسیار | دەقی پرسیار | وەڵام | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | بەلێ | % | نەخێر | % |
| ١ | ئایا چالاكی شانۆیت ئەنجامداوە لە قوتابخانەكەت لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠٢٠) ؟ | ٤٠ | %54 | 24 | %46 |

لە خشتەی (٤-١) دەردەكەوێت تەنها (٤٠) مامۆستا لە كۆی نمونەی توێژینەوەكە كە پێكهاتبوە لە (٧٤) مامۆستا وەڵامەكەی بە (بەڵێ) بو، واتە بەڕێژەی (٥٤%) مامۆستاكان چالاكی شانۆییان ئەنجامداوە لە قوتابخانەكانیان، لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣ – تا ٢٠٢٠) وئەمەش ڕێژەیەكی زۆر كەمە وپێویستت دەكات بە بەدواداچون و چارەسەركردن.

ب- پرسیاری دوەم كە دەقەكەی بریتییبو لە (ئایا **چەند** چالاكی شانۆگەریت پێشكەش كردوە لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣ تا ٢٠٢٠) لە سەرئاستی قوتابخانەكەت؟)

لەئەنجامەكەیدا دەركەوت لە كۆی (٤٠) مامۆستاكە ژمارەی چالاكییەكانی مامۆستاكان دەكەوێتە نێوان (٢- ٨) چالاكی و بەتێكرای نزیكەی (٦) چالاكی بۆ هەر مامۆستایەك لە میانەی (٧) ساڵدا. وئەمەش ڕێژەیەكی كەمە و جێگای نیگەرانیە.

ت- پرسیاری سێیەم كە دەقەكەی بریتییبو لە (ئایا چەند چالاكی شانۆگەریت پێشكەشكردوە لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣ تا ٢٠٢٠) لە سەرئاستی بەڕێوەبەرایەتی چالاكی قوتابخانەكانی شاری هەولێر؟

وله ئەنجامدا دەركەوت تەنها (٢٥) مامۆستا بە ڕێژەی (٣٣,٧٨٪) لە كۆی (٧٤)مامۆستای نمونەی توێژینەوەكە، چالاكی شانۆییان ئەنجامداوە لە سەرئاستی بەڕێوەبەرایەتی چالاكی قوتابخانەكانی شاری هەولێر، لە نێوان


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

ساڵانی (٢٠١٣ تا ٢٠٢٠) كە ڕێژەیەكی كەمە، و ژمارەی چالاكییەكانی مامۆستاكان دەكەوێتە نێوان (١- ٥) چالاكی و بەتێكرای (٣) چالاكی بۆ هەرمامۆستایەک لە میانەی (٧) ساڵدا، وئەمەش ڕێژەیەكی كەمە و جێگای نیگەرانییە.

پ- پرسیاری چوارەم كە دەقەكەی بریتییبو لە ئایا چەند چالاكی شانۆگەریت پێشكەشكردوە لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣ تا ٢٠٢٠) لە سەرئاستی قوتابخانەكانی هەرێمی كوردستان؟

لەئەنجامەكەیدا دەركەوت لە كۆی (٧٤) مامۆستاكە تەنها (١٩)مامۆستا بەرێژەی (٢٥,٦٧٪) چالاكی شانۆییان ئەنجامدا لە میانەی ساڵانی (٢٠١٣ تا ٢٠٢٠) لە سەرئاستی قوتابخانەكانی هەرێمی كوردستان. و كۆی چالاكییەكانیان بریتییە لە (٤٣) چالاكی بە واقعی (٣-١) چالاكی لە ماوەی (٧) ساڵدا، بە تێكرای (٢,٢٦٪) چالاكی بۆ هەر مامۆستایەک لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٣ – ٢٠٢٠) و ئەمەش ڕێژەیەكی زۆر كەمە و جێگای نیگەرانییە.

### ٤-١-٢ **ڕاڤەی ئەنجامەكانی ئامانجی یەكەم**

بەپێی ئەنجامەكانی چوار پرسیارەكەی سەرەوە، بەڕونی ئەوەمان بۆئاشكرا دەبێت، كە دۆخی چالاكی شانۆیی قوتابخانەیی لە سنوری شاری هەولێر باش نییە، بەڵكو لە قەیراندایە، پێویستی بە چارەسەركردن هەیە، و بەتێڕوانینی توێژەر هۆیەكانی ئەم دۆخە دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵێ فاكتەری پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی و سایكۆلۆجی و ئابوریەوە، لە سەرو هەموویان ئەو قەیرانە ئابورییە كە ڕوی لە هەرێمەكەمان كردوە هەرلە ساڵی (٢٠١٤ تا ئیستا) كە بەو هۆییەوە زۆر جار دەوامی قوتابخانەكان ڕاگیران بەهۆی بایكۆتی مامۆستاكان، جگە لە داخستنی دەرگای قوتابخانەكان بۆماوەییەكی زۆر بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایروسی كۆرۆنا لە هەرێمەكەمان وەک زۆرینەی وڵاتانی جیهان، بەمەبەستی دوبارەنەكردنەوەی قسەكان، هۆیەكانی ئەم دۆخە لە ئەنجامی ئامانجی دوەمی توێژینەوەكە بە وردی دەخرێتەڕو.

### ٤-١- ٣ **ئەنجامی ئامانجی دوەم**

كە بریتیبو لە (زانینی ئەو كێشە و گیروگرفتانەی توشی كارو چالاكییەكانی شانۆی قوتابخانەیی لەخوێندنگاكانی خوێندنی بنەڕەتی شاری هەولێر دەبنەوە، لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی پەروەردەی هونەری و سەپەرشتیارە پسپۆرەكان.)

پاش دابەشكردنی ڕاپرسی ئامادەكراوەكە بۆ ئەم مەبەستە بە سەر نمونەی توێژینەوەكە لە مامۆستایانی بابەتی پەروەدەی هونەر و سەرپەرشتیارە پسپۆرەكانی شاری هەولێر، كە پێكهاتبو لە (٨٣) مامۆستا و سەرپەرشتیار بە واقعی (٧٤) مامۆستا و (٩) سەرپەرشتیاری هونەری، دەركەوت كە (٢٧) كێشەی جۆراوجۆر توشی ئەنجامدانی كاروچالاكییەكانی شانۆی قوتابخانەیی لە خوێندنگەكانی شاری هەولێر بۆتەوە وەک ئەوەی وردەكارییەكانی خراوەتەڕو:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

**ئەو كێشانەی ڕوبەڕوی كارو چالاكییەكانی شانۆی قوتابخانەیی بونەتەوە لە خوێندنگەكانی شاری هەولێر لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆرییەوە**

جێی ئاماژەیە هەر بڕگەیەک بەهای ناوەندی شیاویەكەی لە (٢) بەرەو سەرەوە بێت، كێشەیە، لەوە كەمتر كێشە نییە. لەبەرئەوەی بەهای ناوەندی سەرجەم بڕگەكان لە (٢) زیاترە، كەواتە سەرجەمیان كێشەن. هەروەها بەپێی ڕێنماییە ئامارییەكان، هەر بڕگەیەک بەهای ناوەندی شیاویەكەی بكەوێتە نێوان (١ – ١,٦٦) كێشەكی لاوازە، نێوان (١,٦٧ – ٢,٣٣) كێشەیەكی مام ناوەندە، نێوان (٢,٣٤ – ٣) كێشەیەكی گەورەیە. بەمپێیە لە كۆی (٢٧) كێشەكە (٢١) دانەیان كێشەی گەورەن، (٦) دانەیان كێشەی مام ناوەندن. هەروەها جێی ئاماژەیە بەشێک لەم كێشانە لەگەڵ كێشەكانی هەر یەک لە توێژینەوەكانی (الطائي،١٩٩٦)و (ناصر، ٢٠٠٩) و(جبر، ٢٠١٣) یەكدەگرێتەوە

## 4-1-4 ڕاڤەكردنی ئەنجامەكانی ئامانجی دووەم

توێژەر بەپێی ئەزمون و بۆچون و تێروانینی خودی خۆی و بەڵگەكان، هەوڵدەدات بە شێوازێكی بابەتیانە ڕاڤەی هۆكارەكانی كێشەكان بكات وەک ئەوەی لە خشتەی (٢-٤) خراوەتەڕو:

١ – كێشـــەی ژمارە (١٢) لە ڕاپرســـییەكە كە دەقەكەی بریتییە لە (بەراوردكردنی وانەی وەرزش و هونەر لەیەک ئاستدا و بەكەم سەیركردنی بەبەراورد بەوانەكانیتر لەلایەن مامۆستایانی وانەكانیتر لەخوێندنگاكان) بەپلەی یەكەم دێت، ئەوەش بەپێی بەهای ناوەندی شـیاویەكەی كە دەكاتە (٢,٦٤) وكێشــی ســەدییەكەی كە دەكاتە (٨٨ %) و هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵی خاڵ وەک:

– ســەیركردنی بابەتی هونەر وەک بابەتێكی لاوەكی لە لایەن مامۆســتایانی بابەتەكانیتر، لەبەر داخلنەبونی ئەم بابەتە لە تاقیكردنەوەكانی كۆتای ســـاڵی بەكالوریا، هەژمارنەكردنی نمرەكانی بابەتەكە لە تێكرای گشـــتی خوێندكارەكان.

– وەرگرتنی خوێندكاران لە كولێژەكانی هونەرەجوانەكان و بەشـــی پەروەردەی هونەری بە نمرەی تێكرای نزمتر لە تێكرای كولێژەكانیتر. كە جۆرێک لە خۆبایی دروست دەكات لە دەرونی مامۆستاكانی كولێژەكانیتر.

– هەســتیاری هەڵوێســتی كۆمەڵگە و كەســوكاری خوێندكاران بەرامبەر هونەر لە ڕوی حەلال وحەرام جگە لە گومانكردن لە ڕەوشت و ئاكاری ئەو ئەكتەرانەی، كە لەبواری شانۆ و نواندن كاردەكەن، بەتایبەتەی ئەوانە لە ڕەگەزی مێن.

–لاوازی ئاستی هۆشیاری هونەری لای زۆرینەی مامۆستاكانی بابەتەكانیتر.

و لە ئاكامدا ئەمانە دەبنە هۆكار بۆ كەمكردنەوەی بەها و گرنگی وانەی هونەر بەشـــێوەی گشـــتی و هونەری شانۆ بەشێوەیەكی تایبەت لای خوێندكاران.

٢– هەر پێنج كێشــەی ژمارە (٢، ٣، ١١، ٢١، ٢٥) بە پلەی دووەم دێن بەپێی بەهای ناوەندی شـیاویان كە بریتییە لە (٢,٥٦) و كێشیی سەدییان كە دەكاتە (٨٥ %).

و سەبارەت بە كێشەی ژمارە (٢) كە دەقەكەی بریتییە لە (كەمتەرخەمی لایەنی بەرپرس لە وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتییەكانی پەروەردە كە پەیوەندیدارن بە بابەتەكانی هونەر و شـــانۆی قوتابخانەیی) و هۆیەكەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەیری لایەنی بەرپرس دەکەین، چ لەوەزارەتی پەروەردە چ لە بەڕێوەبەرایەتییەکان، هیچ کامەیان پسپۆڕ نین لە بواری هونەری شانۆ، ئەگەر هەشبێت زۆرکەمە، بۆیە ئەو کەسانە هێندە پۆست و پلەو پایە لایان گرنگە، هونەری شانۆ و پەرپێدان بە چالاکییە شانۆگەرییەکان لایان گرنگ نییە، وتراوە (ئەوەی شتێکی نەبێت ناتوانێت بیبەخشێت)، جێی ئاماژەیە ئەو مامۆستایانەی کەلە چالاکی قوتابخانەکان دەوام دەکەن دەسەلاتێکی ئەوتۆیان نییە کەوا بتوانن بابەتی هونەری شانۆیی زیاتر ئەکتیڤ بکەن و هەوڵبدەن چالاکی زیاتر ئەنجامبدەن.

– کێشـــەی ژمارە (٣) لە ڕاپرســـییەکە کە بریتییە لە (بایەخ نەدانی دەســـتەی کارگێری خوێندنگاکان بەبابەتە هونەرییەکان وبەتایبەت بابەتی شـــانۆی قوتابخانەیی) و بە بۆچونی توێژەر یەکێک لە هۆکارە ســـەرەکییەکانی گرنگینەدان بەشـــانۆی قوتابخانەیی لە خوێندنگەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەســـتەی کارگێری قوتابخانەکان، چونکە بەڕێوەبەر یاخود یاریدەدەری بەڕێوەبەر هەمیشە ڕێگرن لەوەی کەوا مامۆستای شانۆ پرۆڤە بە خوێندکارەکان بکات، بەپاســـاوی ئەوەی کاتی زۆریان لێدەگرێت و وانەکانی تریان لەدەســـت دەچێت هەروەها بەهۆی ئەوەی چەند خوێندکارێک لەم پرۆسەیەدا بەشداردەبن ئەوەش دەبێتە هۆی نانەوەی پشێوی لەناو خوێندنگاکە.

– کێشـــەی ژمارە (١١) کە دەقەکەی دەڵێت (پەرکردنەوەی وانەکانی هونەر لەلایەن مامۆســـتایانی بابەتیتر لە خوێندنگاکان) و توێژەر هۆی ئەم کێشەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند خاڵێک وەک:

– کەمی مامۆســتایانی پســپۆڕ لە بواری شــانۆ بە شــێوەی تایبەت و پســپۆڕ لە بوار ی پەروەردەی هونەر بە شـــێوەی گشـــتی لە خوێندنگەکان، ئەوەش بە هۆی نەبونی هەڵ بۆ دامەزراندنی دەرچوانی کولێژەکان لەم دو بوار وپســپۆریەدا، جێی ئاماژەیە هەر لە ســاڵی ( 2014) تا ئیســتا پرۆســەی دامەزراندنی دەرچوانی کولێژ و پەیمانگاکان بە شــێوەی گشــتی لە هەرێم ڕاگیراوە، ئەوەش بەهۆی ئەو قەیرانە ئابورییە کە دوچاری هەرێمی کوردستان کراوە لە لایەن حکومەتی مەرکەزی فیدراڵ لە عیراق. ئیتر بەهەرهۆیەک بێت لە هۆیەکان.

– زۆری ژمارەی خوێندکاران لە پۆلەکانی خوێندنگەکاندا.

– بێدەنگی مامۆستایانی هونەر لە خوێندنگاکان بەرامبەر ئەو پشتگوێخستن و زیادەڕۆییە کە دەکرێت لە سەر وانەکەیان لە لایەن دەستەی بەڕیوەبەری خوێندنگاکان. چونکە ئەگەر مامۆستای وانەی هونەر دڵسۆز وبەتوانا بێت ڕازی نابێت مامۆستایەکی تری ناپسپۆڕ وانەکانی ئەو بڵێتەوە.

– کێشــەی ژمارە (٢١) کە بریتییەلە (نەبونی ڤســتیڤاڵی ســاڵانە تایبەت بە چالاکییەکانی شــانۆی قوتابخانەیی لەسەر ئاستی شارو پارێزگاکان)

توێژەر پێیوایە هۆی ئەم کێشــەیە دەگەڕێتەوە بۆ پەکخســتنی پرۆســەی دەوامکردن بە شــێوەیەکی ئاسـایی لە خوێندنگاکانی هەرێمی کوردسـتان وەک زۆرینەی وڵاتانی جیهان لەم چەند سـاڵانەی کۆتاییدا، ئەوەش بە هۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسـی (کۆڤیدی ١٩) واتە کۆرۆنا، ئەمە جگە لە کەمی مامۆسـتایانی پسـپۆر لە بواری شـانۆ لە خوێندنگاکان و کەمتەرخەمی بەڕێوەبەرایەتی چالاکییە هونەرییەکان لە وەزارەتی پەروەردە، لە مەڕ ئەنجامی ڤیســـتیڤاڵی ســـاڵانەی پێویســـت بۆ شـــانۆی قوتابخانەیی، جێی ئاماژەیە بونی چالاکی و ڤیســـتیڤاڵی تایبەت بە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

شـــانۆیی قوتابخانەیی لە ســـەر ئاســـتی پاریزگاکان هۆکاریکی باشـــە بۆ بەرەو پێشـــبردن و ناســـاندن و خۆشەویستکردنی شانۆیی قوتابخانەیی لای خوێندکاران و مامۆستایان، بۆ ڕەخساندنی هەل بۆ یەکترناسین و ئالوگۆڕی بیروڕا و شـــارەزایی لە نێوان خۆیاندا، هەروەها دەبێتە هۆیی دروســـتبونی پەیوەندی بەردەوام لە نێوان خوێندنگاکانی پارێزگا و شارو شارۆچکەکان.

– کێشـــەی ژمارە (٢٥) کە بریتییە لە (تەرخاننەکردنی بودجەیەکی پێویســـت بۆ هەر خوێندنگایەک لە پارەی فرۆشگا بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی شانۆ.)

بێگومان هەر شانۆگەریەک کە پێشکەش دەکرێت لە خوێندنگاکان وەک شانۆی قوتابخانەیی پێویستی بەبودجە و پارەیەکی تایبەت هەیە، بەڵام بەڕێوەبەری خوێندنگاکان یاخود ســـەرپەرشـــتیاری کارگێری خویندنگاکان ئەم بودجەیە نەدابیندەکەن نە ڕێگەش بە دابینکردنی دەدەن لەڕێگای داهاتی فرۆشـــگای خوێندنگاکان، بە پاســـاوی ئەوەی خوێندنگاکان زیاتر پێویستی پێیە بۆ دابینکردنی هەندێک پێداویستی سەرەکیتر، نەک نمایشی شانۆیی.

٣ – هەر سێ کێشـەی ژمارە (٨، ١٤، ١٦) بە پلەی سـێیەم دین بەپێی بەهای ناوەندی شـیاوییان کە بریتییە لە (٢,٥٣) و کێشی سەدییان کە دەکاتە (٨٤ %).

ســـە بارەت بە کێشـــەی ژمارە (٨) کە دەقەکەی بریتییە لە (دامرکاندنەوە و گرنگی نەدان بەگوڕوتینی ئەو قوتابیانەی کەبەهرەی هونەرییان هەیە لەلایەن ماموستایان و مامۆستای هونەرەوە)

تویژەر هۆی ئەم کێشـــەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆر جار هەندێک لە مامۆســـتاکان ڕێگری دەکەن لەو خوێندکارانەی کەوا بەهرەی هونەرییان هەیە ولە وانەکانی ئەوان دوادەکەون و ئاســـتی زانیاریان لاوازە، هەروەهـا زۆرجـاریش هەر لەلایەن خودی مـامۆســـتـای هونەر ڕێگری دەکرێت لە هەنـدێـک خوێنـدکـاری بەهرەمەند،بە پاساوی ئەوەی کە کەسێکی تری پێ باشترە لە ئەو بە بیروڕای تایبەتی خۆی،ئەمەش وا دەکات ئەو خوێندکارە هەســـت بە ڕق و کینە بکات و ئەو بەهرەی کەوا هەیەتی دەرنەکەوێ و دورکەوێتەوە لەم بوارەدا.

– کێشـەی ژمارە (١٤) کە بریتییە لە (ڕانەهینانی خوێندکاران لە لایەن مامۆسـتاکانەوە بۆ کارکردن لە پرۆژەی هاوبەش وەک شانۆیی قوتابخانەیی)

توێژەر ڕاڤەی هۆی ئەم کێشەیە بەوە دەکات کە بە بەپێی سیستمی پەروەردە و فێرکردنی لاسایی پەیرەوکراو لە خوێندنگاکان، زیاتر خوێندکار وا فێردەکرێت کە کۆشش بکات و ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات بە تەنیایی و ڕکابەری لەگەڵ خوێندکارانی هاوەڵانی بکات و بەســـەریانا ســـەرکەوێت، لە جیاتی ئەوەی ڕکابەری لەگەڵ خودی خۆی بکات و هاریکاری لەگەڵ هاوڕێکانی بکات، بەو شـــێوە یە بە ناراســـتەخۆ فێری خوێندکارەکان دەکرێت کە چۆن خۆپەرست بن، و تەنها بیر لە بەرژەوەندی تاکایەتی خۆیان بکەن، کە ئەمە ناگونجێت لە گەڵ ئاراســـتە نوێیەکانی شـــێوازی پەروەردە و فێرکردنی هاوچەرخ، کە زیاتر جەخت دەکەن لەســـەر کارکردن بەروحیەتی هاریکاری و هەرەوەرزی و یارمەتیدانی کەســـانی تر چ لە خوێندنگا و چ لە ژیانی ڕۆژانە و چ لە چالاکی قوتابخانەکان و شـــانۆی قوتابخانەیی. چونکە ســـەلمێندراوە هیچ کەســـێک ناتوانی بە تەنیایی بە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

شێوەیەکی ئاسایی بژێت، هەمو کەسێک پێویستیی بە کەسانێتر هەیە، ئەوانیش پێویستییان بە بەشدارییکردنی خوێندکاران لە چالاکییەکانی شـانۆی قوتابخانەیی هەیە، یەکێکە لە ڕێگا باشــەکانی پەروەردەکردن وفێرکردنی خوێندکاران بە ئاراستە نوێیەکاندا.

– کێشـەی ژمارە ( ١٦) کە بریتییە لە (نمایشـنەکردنی هیچ شـانۆگەریەک لە خوێندنگاکان چ لەڕێگای داتاشـۆ چ بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ) و توێژەر پێوایە نمایشـنەکردن و سـەیرنەکردن و ڕێگەنەدان بەکارکردن لە شـانۆی قوتابخانەیی لە زۆربەی هەرە زۆری قوتابخانەکان هۆکارێکە بۆ ئەوەی خوێندکار ئاشنا نەبێت بەمانای شانۆ، هەروەها نمایش نەکردنی لە ڕێگای داتاشــۆ تەنانەت بۆ یەکجار لە ســاڵێکدا، بەبێ بونی هیچ هۆکارێک، بەڵکو تەنها کەمتەرخەمی وگرنگی نەدانە بە شانۆی قوتابخانەیی.

٤– هەردو کێشەی ژمارە (٤، ١٣) بە پلەی چوارەم دین بەپێی بەهای ناوەندی شیاویان کە بریتییە لە (٢,٥١) و کێشی سەدییان کە دەکاتە (٨٣,٦ %)

سـەبارەت بە کێشـەی ژمارە (٤) کە دەقەکەی بریتییە لە (کەمی مامۆسـتای پسـپۆری شـانۆ لە قوتابخانەکان) ئاشکرایە کەمی مامۆستای پسپۆر لە بواری شانۆ لە خوێندنگاکاندا یەکێکە لە کێشەو گیروگرفتە سەرەکییەکان لە گشـــت خوێندنگاکاندا،ئەگەر هەشـــبێت زۆرجار وانەی بابەتی تری پێدەدرێت لە جێگای هونەر، کە ئەمە پەیوەسـتە بە لاوازی ئاسـتی هۆشـمەندی ڕۆشـنبیری ئەو بەڕێوەبەرانە کە ئەم ڕێکارە ناشـیاوانە دەگرنەبەر بەرامبەر مامۆســتای شــانۆ و چالاکی شــانۆی قوتابخانەیی. ئەمە جگە لە ڕاگرتنی پرۆســەی دامەزراندنی دەرچوانی کولێج و پەیمانگاکان بە شێوەی گشتی وەک ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێدا.

–کێشـــەی ژمـارە (١٣) کە دەقەکەی دەڵێت (ڕێگریکردن لەخوێنـدکـاران لەلایەن دایـک و بـاوکـانیـانەوە بۆ بەشداریکردن لەچالاکییەکانی شانۆی قوتابخانەیی)

بەڕای توێژەر هۆی ئەو ڕێگریکردنە دەگەرێتەوە بۆ چەند خاڵێک وەک:

– کاتێک خوێندکارێک بەشداری بکات لە کارێکی شانۆیی، ئەوا پێویستی بە پروڤەکردنە، زۆر جار بە هۆی ئەو پرۆڤەکردنە درەنگ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی نیگەرانی دایک وباوکی خوێندکارەکە.

– کاتێک داوا لە خوێندکار دەکرێت هەســـتێت بە دابینکردنی جلوبەرگ و هەندێک کەلوپەل بەپێی ڕۆڵەکەی لە شانۆگەریەکەدا، ڕەنگە ببێتە بارگرانی لەسەر باوک یاخود دایکی خوێندکارەکە لە ڕوی ئابورییەوە.

– سـەرقاڵبونی خوێندکار لە ماڵ بە لەبەرکردنی تێکسـتی ڕوڵەکەی لە شـانۆگەریەکە، لە جیاتی کۆششـکردن لە بابەتەکانی تر، کە ئەوانە گرنگترن بۆ خوێندکارە کە بە بۆچونی دایک و باوکی. لە ئەنجامدا ئامۆژگاریی دەکەن بە وازهێنان لە چالاکی شانۆی قوتابخانەیی و دورکەوتنە لێی، بایەخدان بە وانە سەرەکییەکان.

٥– هەر دو کێشـەی ژمارە (٥، ٦) بە پلەی پێنجەم دێن بەپێی بەهای ناوەندی شـیاوییان کە بریتییە لە (٢,٤٨) و کێشی سەدییان کە دەکاتە (٨٢,٦ %)

سـەبارەت بە بەکێشــەی ژمارە (٥) کە دەڵێت ( نەبونی هۆڵی شـایسـتەبۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی شـانۆی قوتابخانەیی لەخوێندنگاکان)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

توێژەر پێوایە زۆربەی مامۆستایانی شانۆ بەدەست نەبونی هۆڵ دەناڵێنن چ بۆ چالاکی قوتابخانەیی چ بۆ ئەنجامدانی چالاکی شانۆیی، ئەوەش بە هۆی پشتبەستنی لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی پەروەردە و ئەندازیاران بە نەخشە کۆنەکان بۆ بیناکردنی خوێندنگاکان، کە چیتر ناگونجێن لە گەڵ پێداویستییەکان ئەم سەردەمە، چونکە زۆر هۆڵی پێویستی تێدا نییە وەک هۆلی تایبەت بە چالاکییە هونەرییەکان و پێداویستییەکانی بە شێوەی گشتی وەک: هۆڵی تایبەت بە وانەی شانۆ، هۆڵی نمایشکردنی شانۆ، هۆڵی تایبەت بە پرۆڤەکردن، هۆلی گەلەری تایبەت بە نمایشکردنی بەرهەمە هونەرییەکان و ستودیۆ تایبەت بە وێنەکێشان و ئیشی دەست و هتد...

- برگەی ژمارە ( ٦) کە دەقەکەی بریتییە لە (نەبونی پێداویستییەکانی پێشکەشکردنی شانۆ وەک (ئامێرەکانی ڕوناکی، جلوبەرگ، مکیاج، هتد.....) لە خوێندنگاکان)

- بێگومان هەر پرۆسەیەکی شانۆیەکە ئەنجام بدرێت پێویستی بە ئەو کەلوپەلانە هەیە، و زۆرجار نەبونی بوجەی پێویست بۆ فەراهەمکردنی ئەو پێداویستانە لە خوێندنگاکان دەبێتە هۆی دروستبونی ئەم کێشەیە، جگەلەوەی لەتوانای خوێندکاردا نییە دابینیان بکات.

٦- هەر سێ کێشەی ژمارە (٧، ١٠، ٢٣) بە پلەی شەشەم دێن بەپێی بەهای ناوەندی شیاوییان کە بریتییە لە (٢,٤٣) و کێشی سەدییان کە دەکاتە (٨١ %)

سەبارەت بە: کێشەی ژمارە (٧) کە بریتییە لە (کەمی دەقی شانۆیی کوردی تایبەت بەقوتابخانەکان)

بێگومان هۆی بونی ئەم کێشەیە، دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی بەرپرسان وکاربەدەستان تایبەت بەچالاکییە هونەرییەکان و شانۆی قوتابخانەیی لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم، لەبەرئەوەی ئەرکی ئەوانە لیژنەی پسپۆر لەم بوارەدا لە سەر ئاستی وەزارەتی پەوەردە پێکبهێنن، بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە پارێزگاکان، بۆ ئەوەی هەستن بە دابینکردنی دەقی شانۆیی گونجاو بۆ خوێندنگا بنەڕتییەکان، بەپێی ڕێنماییەکان و تایبەتمەندییەکانی ئەم بابەتە و خوێندکارانی ئەم قوناغەدا، کە لەگەڵ فەلسەفە و سستمی پەوەردەی پەیرەوکراو لە هەرێمی کوردستان بگونجێت، جگە لە هاندان و پاداشتکردنی مادی و مەعنەوی ئەندامانی ئەو لیژانانە و دانەرەکانی دەقەکان.

- کێشەی ژمارە (١٠) کە بریتییە لە (زۆری ژمارەی خوێندکاران لە پۆلەکاندا)

ئاشکرایە زۆری ژمارەی خوێندکاران لە پۆلەکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ کەمی خوێندنگاکان، ئەمەش گرفتیکی باو و ڕونە کە ڕوبەڕوی مامۆستایان وخوێندکاران دەبێتەوە لە خوێندنگاکانمان دا بەشێوەی گشتی، یەکێک لە وانە مامۆستای هونەرە، بێگومان مامۆستای هونەر ناتوانێت بایەخ بدات بە شێوازی فێرکردنی خوێندکارەکانی، پەرەبدات بە توانا و بەهرە هونەریەکانیاندا وەکو پێویست ئەگەر ژمارەیان زۆر بێت لە پۆلێکدا.

- کێشەی ژمارە (٢٣) کە دەقەکەی بریتییە لە (نەبونی سەرچاوەی پێویست تایبەت بە شانۆ لە کتێبخانەی قوتابخانەکان)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

هۆی ئەم کێشـــەیە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی هۆشـــمەندی هونەری لای لایەنە پەیوەندیدارەکان بە ئەم بابەتە لە وەزارەتی پەروەردە جگە لە بەڕێوەبەرانی خوێندگاکان بە شـــێوەی گشـــتی، چونکە ئەگەر درکیان وەکو پێویســـت بە بەهای هونەر و شـــانۆی قوتابخانەیی هەبێت، دەتوانن هەوڵبدەن بۆ دابینکردنی ســـەرچاوەی پێویست دەربارەی هونەر و شانۆی فێرکاری بۆ کتێبخانەکان، وەک چۆن هەوڵدەدەن بۆ دابینکردنی کورسی وکتێب وپێداویستیەکانی تری خوێندنگاکان. چونکە ئەگەر ویستی ڕاستەقینە هەبێت هچ شتێک ئەستەم نییە.

٧- کێشـــەی ژمارە (٢٠) لە ڕاپرســـییەکە کە بریتییە لە (هاوکارینەکردنی خوێندکاران بۆ بەشـــداریکردن لە پرۆڤەکانی شـانۆگەری لەلایەن مامۆسـتایان ودەسـتەی کارگێری قوتابخانەکان) بە پلەی حەوتەم دێت بە پێی بەهای ناوەندی شیاوەکەی کە دەکاتە (٢،٤١) و کێشی سەدیی کە دەکاتە (٨٠ %).

ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک وەک:

- زۆر جار خوێندکار بەهۆیی پرۆڤەی تایبەت بە چالاکی شانۆیی،ناچار دەبێت مۆڵەت وەربگرێت لە ئامادەبونی وانەی هەندێک لەمامۆستاکانی بابەتەکانیتر، کە زۆرینەی پێیان ناخۆشـە بە پاساوای ئەوەی کاریگەریی دەبێت لەسەر ئاستی فێربونیان لە بابەتەکانی ئەوان،

- هەندێک خوێنکار ئیستغلالی ئەم کارە دەکات بۆ خۆدزینەوە لەئامادەبونی وانەکانیتر، کە گوایە پرۆڤەی هەیە.

- دەســـــتەی کارگێری خوێندنگاکانیش زۆر هاوکار نین لەو بارەیەوە، بەڵکو زۆرجار ئەو خوێندکارانە کە ســـــەرقالی پرۆڤەکردنن بەنەهاتو هەژماردەکرێن لە وانەکان،کەئەمە خۆیی لە خۆیدا هۆکارێکە بۆ ئەوەی کەوا خوێندکار بەشداری ئەم جۆرە چالاکییانە نەکات.

٨- هەر دو کێشەی ژمارە (١، ٢٢) بە پلەی هەشتەم دێن بەپێی بەهای ناوەندی شیاوییان کە بریتییە لە (٢،٣٨) و کێشی سەدییان کە دەکاتە (٧٩ %)

سەبارەت بە کێشەی ژمارە (١) کە دەڵێت (نەبونی پرۆگرامێکی تایبەت بەشانۆی قوتابخانەیی، لە خویندنگاکان) هۆی ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێک وەک:

- کەمتەرخەمی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە دانانی پرۆگرامی خوێندن بۆ خوێندنگاکان لە وەزارەتی پەروەردە ی هەرێمی کوردستان، چونکە تا ئیستا هیچ پەیرەو وپرۆگرامێکی فەرمی تایبەت بەشانۆی قوتابخانەییدا نەنراوە.

-هەژمـارکردنی بـابەتی پەروەردەی هونەری بە بـابەتێکی لاوەکی لە پرۆگرامی خوێنـدنی قۆنـاغی خوێنـدنی بنەڕەتی و دواناوەندی لە سستمی فێرکردنی پەیرەوکراو لە هەرێمی کوردستان.

- کێشەی ژمارە (٢٢) کە بریتییە لە (لاوازی هۆشیاری هونەری و شانۆیی لای زۆرینەی چینەکانی کۆمەڵگەی کوردی)

ئەگەرچی لە کاتی ئیسـتادا ڕوانگەی چینەکانی کۆمەڵگەی کوردی بۆ هونەر بەشـێوەی گشـتی و هونەری شـانۆ بە شـێوەی تایبەت باشـترە لە کاتی ڕابردو، بەڵام هێشـتا لە ئاسـتی خواسـت وپێویسـتدا نییە، وەک ئەوەی لە وڵاتانی پێشـکەوتنی جیهاندا دەگوزەرێ. چونکە ئەم بابەتە پەیوەندیی بە هزر و دابونەریت لاسـایی و بیرباوەری کۆمەڵایتی و ئایینی کۆمەڵگەکەماندا هەیە. کە قســـەی زۆر هەڵدەگرێت. جێ ئاماژەیە هێشـــتا هەندێک کەســـانی



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1**

ئەکـادیمی پـایەبەرز بەپێی بیروبـاوەری ئـاینی خویـانـدا بـانگەواز بۆ ئەوە دەکەن،کە گوایە وێنەکێشـــان و پەیکەرسازی و شانۆ حەرامە، ئاخۆ هونەر چۆن پەرەبسێنی لە وڵاتەکەمان لەسایەی ئەم بیروباوەرە.

٩- هەر دوکێشەی ژمارە (١٨، ٢٧) بە پلەی نۆیەم دێن بەپێی بەهای ناوەندی شیاوییان کە بریتییە لە (٢,٣٥) و کێشی سەدییان کە دەکاتە (٧٨%)

سەبارەت بە کێشەی ژمارە (١٨) (لاوازی ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری هونەری و شانۆگەری وەکو پێویست لای کۆمەڵگەی کوردی)

کۆمەڵگەی کوردی بە گشـتی هونەری شـانۆ لای پەسـەند نییە لەبەرئەوەی هیچ دامودەزگایەکی حوکمی یان تایبەت گرنگی بە ڕۆڵی شـانۆ لە ژیانی مروڤدا وەکو پێویسـت نەداوە وکاتێکی تایبەتی بۆ تەرخان نەکردوە بۆ باسکردن لە سودەکانی بۆ تاک و کۆمەڵگە.

- کێشەی ژمارە (٢٧) ( کەمتەرخەمی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانی هەرێم بۆ ڕۆماڵکردنی چالاکییە هونەرییەکان و بە تایبەتی هونەری شانۆیی قوتابخانەیی)

ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خەمسـاردی و لاوازی هۆشـیاری هونەری و ڕۆشـنبیری بەڕێوەبەرانی ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنانە، چونکە ئەگەر هەر چالاکییەکیش ئەنجامبدرێت لە شـانۆی قوتابخانەیی ئەوا تەنها بە ڕاپۆرتێکی چەند خولەکی باسـی لێوە دەکرێت و دیبەیت وسـمیناری بۆ ناکرێت لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەکان. بەڵکو هەندێک کەناڵی تەلەفزیونی تەنها بۆ گۆرانی و موزیک تەرخانکراوە.

١٠- کێشـەی ژمارە (١٧) (سـەیرکردنی شـانۆی قوتابخانەیی وەک کات بەسـەربردن لە لایەن بەشـێک لە خوێندکارەکان) بە پلەی دەیەم دێت بەپێی بەهای ناوەندی شیاویەکەی کە دەکاتە (٢,٣٣) و کێشی سەدییەکەی کە دەکاتە (٧٧,٦%) بێگومان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پێشـینەی ڕۆشـنبیری خێزانەکانیان بەرامبەر هونەر و هونەری شـانۆی قوتابخانەیی، جگە لە گرنگی نەدان بەوانەی هونەری لەلایەن بەشـێک لەخودی مامۆسـتایانی هونەری هەروەها گرنگینەدان بەو خوێندکارانەی کەوا بەشداری چالاکییە شانۆییەکان دەکەن چ بە پێدانی نمرە چ بەپێدانی دیاری چ بەپێدانی بڕوانامەیەکی ڕێزلێنان.جگە لە هەوڵنەدان بۆ هۆشیارکردنەوەی خوێندکارەکان بە ڕۆڵ و گرنگییەکانی هونەری شانۆی قوتابخانەیی لە ژیانیاندا لە ناو خوێندنگاو دەرەوەی خوێندنگا.

١١- کێشـەی ژمارە (٩) کە بریتییە لە (لاوازی هەسـتکردن بە گرنگی هونەر و بەتایبەتی هونەری شـانۆگەری قوتابخانەیی، لەلایەن خانەوادەی خوێندکاران) بە پلەی یانزەهەم دێت بەپێی بەهای ناوەندی شـیاوەکەی کە دەکاتە (٢,٣٠) و کێشی سەدییەکەی کە دەکاتە (٧٦,٦%)

خانەوادەی خوێندکاران زۆر جار دەبنە هۆی ڕێگری لە خودی خوێندکاران تاوەکو بەشـداری هیچ چالاکییەک نەکەن ئەویش بەهۆیی ئەوەی کە بەکارێکی نابەجێ و کات بەسـەربردن سـەیر دەکرێت، هەسـتنەکردن بە بەرپرسـیاریەتی لە ئاسـتی کۆمەڵگا و خودی خوێندکار، جگە لە هەوڵنەدانی مامۆسـتایانی هونەر و بەڕێوەبەرانی خوێندنگاکان، بۆ هۆشـیارکردنەوەی خانەوادەی خوێندکارەکان بە گرنگی بەشـداریکردنی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

خوێندکاران لە چالاكییە هونەرییەكان و لەوانەش چالاکی شــانۆی قوتابخانەیی، لەمیانەی بەســتنی کۆڕو و سمینار و کۆبونەوە بۆ دایک وباوکی خوێندکاران.

١٢ – كێشـــەی ژمارە (١٩) كە دەڵێت (ســڵكردن لە هونەر و چالاكییەكانی لە لایەن هەندێک لە چینەكانی كۆمەڵگەی كوردی بە هۆی بیروباوەری ئایینیەوە) بە پلەی دوانزەهەم دێت بەپێی بەهای ناوەندی شیاویەكەی كە دەكاتە (٢,٢٠) و كیشی سـەدییەكەی كە دەكاتە (٧٣%) ئاشكرایە بەشـێک لە کۆمەڵگەی كوردی هونەر بە شێوەی گشتی و هونەری شانۆ و شانۆیی قوتابخانەیی بە شێوەی تایبەت ڕەتدەكاتەوە بە هۆی بیروباوەڕی ئایینی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەجێهشـتوە لە ناخی نەوەكانیان ولە خوێندكاران كە سـڵ لە بەشـداریكردن لە چالاكییە هونەرییەكان و بەتایبەتی هونەری وێنەكێشــان و پەیكەرســازی و شــانۆگەری بکەنەوە، چونکە بە لایانەوە کردارێکی حەرامە.

١٣– هەر دو كێشــەی ژمارە (٢٤، ٢٦) بە پلەی سـێزەهەم دێن بەپێی بەهای ناوەندی شـیاوییان كە بریتییە لە (٢,١٧) و كێشی سەدییان كە دەكاتە (٧٢%)

ســـەبارەت بە برگەی ژمارە (٢٤) كە بریتییە لە ( ئاشـــنا نەكردنی خوێندكاران بە ڕێبازە شـــانۆییەكان و سەردەمی سەرهەڵدانیان لەلایەن مامۆستایانی هونەرەوە)

وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتیی چالاكییەكانی سـەر بەوەزارەت و مامۆسـتایانی پسـپۆڕی هونەری شـانۆ وەک ئەوەی پێشـــتر ڕونمان کردنەوە،هۆکارن بۆ ئەوەی کەوا هیچ پەیرەو پرۆگرامێک نەبێ لە خوێندنگاکان و باس لە هونەری شانۆ بكات و باسی گرنگی شانۆ ڕێبازەكانی تایبەت بە شانۆ و شانۆی قوتابخانەیی بكات و بۆ ئەوی خوێندكار پێی ئاشـنا بێت و بزانێ لە كاتی نمایش چ جۆرە ڕێبازێكی ئەدەبییە یاخود چ چەمكێكی شـانۆیی تێدا بەكارهاتوە، ئاخۆ توندوتیژ و شەڕانگێزە یاخود كۆمیدیایە.

– كێشەی ژمارە (٢٦) بە ناوی (سازنەدانی گەشتی هونەری بۆ خوێندكارانی قۆناغی بنەڕەتی بۆ بینینی نمایشە شانۆیانەی كە لەلایەن ئەكتەرە ناسراوەكان پێشكەش دەكرێ)

سـازنەدان و گرنگی نەدان بە كاری هونەری شـانۆ هۆكاری هەم كارگێری خوێندنگایە هەم مامۆسـتای بابەتی هونەر، هەروەها زۆرجاریش دابینەكردن و نەبونی ســەرچاوەی ماددی و هاتوچۆ و ســەلامەتی خوێندكاران، هەروەها بێ ســـەلیقەیی مامۆســـتای هونەر و بێتاقەتی و بێزاری لەم بوارە زۆرجار ڕێگرە لەوەی كەوا خوێندكاران هیچ گەشـــتێكی هونەری ئەنجامبدەن چ بۆ نمایشـــی شـــانۆیی چ بۆ پەیمانگا و كۆلێژی هونەرە جوانەكان تاوەكو لە نزیكەوە ئاشـــنایەتی لەگەڵ ڕێبازی شـــانۆیی دروســـت بێت چۆنیەتی نواندن و دەقە شانۆییەكان و ئاشنابون بە هۆڵی شانۆیی.

١٤– كێشەی ژمارە (١٥) بە دەقی ( نەبونی ستافی پسپۆڕی لە بواری شانۆی قوتابخانەیی لە بەڕێوەبەرایەتی چالاكی قوتابخانەكان) بە پلەی چواردەهەم دێت بەپێی بەهای ناوەندی شـــیاویەكەی كە دەكاتە (٢,١٥) و كێشی سەدیی كە دەكاتە (٧١,٦%)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

لەدوایی بەسەرکردنەوەی توێژەر بۆ زۆربەی چالاکی قوتابخانەکان بۆی دەرکەوت کەوا چالاکی قوتابخانەکان پسـپۆری شـانۆیی هەیە، بەڵام لەگەڵ هەبونی پسـپۆریش ئەوا چالاکی شـانۆیی کەمتر ئەنجامدەدرێت و زیاتر گرنگی بە چالاکی هونەری میوزیک و هونەری شـێوەکاری دەدرێت، هونەری شـانۆی قوتابخانەیی تاڕادەیەکی زۆریش پشتگوێخراوەو هیچ گرنگیەکی پێنەدراوە و هەمو ئەو کەسانەی کەوا پسپۆرن لەم بوارده کەمتەرخەمن هەروەها کەمترین دەقی شانۆیی کوردی بەدی دەکرێت لە چالاکی قوتابخانەکان.

٤-١-٥ **ئەنجامی ئامانجی سێیەم:**

کە بریتییە لە (خستنەروی ڕێگاکانی بەرەوپێشبردنی کارو چالاکیەکانی شانۆی قوتابخانەیی لەخوێندنگاکانی خوێندنی بنەڕەتی شاری هەولێر لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی زانستی). لە ئاکامی وەڵامی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی نمونەی توێژینەوەکە لەسەر بڕگەی تایبەت بەئەم ئامانجە لە هەردو ڕاپرسی کراوە وداخراو (٣٦) پێشنیاز دەستمان کەوت وەک پێشنیاز بۆ چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی کارو چالاکیەکانی شانۆی قوتابخانەیی لەخوێندنگاکانی خوێندنی بنەڕەتی شاری هەولێر، خراوەتەڕو بەڕیزبەندی پلەکانیان بەپێی بەهای ناوەندنی شیاویان.

## ٤-٢ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

توێژەر بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

٤-٢-١ واقعی چالاکییەکانی شانۆی قوتاخانەیی لە خوێندنگە بنەڕەتییەکانی ناوەندی شاری هەولێر، لە ئاستێکی لاوازە و پێویستی بە چارەسەرکردنە.

٤-٢-٢ کۆمەڵێ کێشەی فێرکاری و کۆمەڵایەتی و هزری و ئابوری و کارگێری، دوچاری هونەری شانۆی قوتابخانەیی و چالاکییەکانی لە خوێندنگە بنەڕەتییەکانی ناوەندی شاری هەولێر بونەتەوە، کە پێکهاتون لە (٢١) کێشەی گەورە و (٦) کێشەی مام ناوەند.

٤-٢-٣ دەتوانرێت پەرە بە هونەری شانۆیی قوتابخانەیی و چالاکییەکانی لە خوێندنگە بنەڕەتییەکانی ناوەندی شاری هەولێربدرێت لە ڕێگای ئەو (٣٦) پێشنیازانەی کە لە لایەن مامۆستایان و سەرپەرشتیارە کانی نمونەی تو ێژینەوەکە بۆئەو مەبەستە پێشکەشکراون.

## ٤-٣ ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

بەمەبەستی هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی کار و چالاکییەکانی شانۆی قوتابخانەیی لەخوێندنگاکانی خوێندنی بنەڕەتی شاری هەولێر، بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی لای خوارەوە دەخاتەڕو:

٤-٣-١ ناردنی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆ بەرپرسانی پرۆگرام وچالاکییە هونەرییەکان لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی ئاشانکردنیان بە بارۆدۆخی چالاکییەکانی شانۆی قوتابخانەی لە خوێندنگاکانمان، لە پێناوی هەوڵدان بۆ باشترکردنی ڕەوتی ئەم چالاکییانە، وەک ئەوەی کاری پێدەکرێت لە وڵاتە پێشکەوتەکانی جیهان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

٤-٣-٢سازدانی کۆنفراسێک یان کۆربەندیەک یان پانێلێک بەڕێوبەر ایەتی پەروەردەی گشتی شاری هەولێر بە مەبەسەستی تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە لە لایەن مامۆستایانی هونەر و سەرپەرشتیاران و بەرێوەبەرەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە بابەتەکە لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە و بەربەستەکانی تایبەت بەچالاکییەکانی شانۆی قوتابخانەنی لە قوتابخانەکانماندا.

٤-٣-٣ وەزارەتی پەروەردەی هەرێم داوای هەماهەنگی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم بکات بۆ ئەوەی لە بواری پەروەردەیی گرنگی بە چالاکییەکانی شانۆیە قوتابخانەبدات.

٤-٣-٤ کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ ئەو مامۆستایانەی کە دەرچوی بەشی هونەری شانۆن، بۆ زیاتر ئاشنابون بە بابەتی پەروەردەی هونەر و گونجاندنی لە گەڵ هونەری شانۆ،بۆ بەرەوپێشبردنی بواری پەروەردەیی.

٤-٣- ٥ بە پرۆگرام کردنی شانۆی قوتابخانەیی لە گشت قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی بۆ زیاتر ئاشنا بون بە شانۆ.

٤-٣-٦ پێویستە وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان هەستێت بەدامەزراندنی سێ مامۆستای پەروەردەی هونەر لە هەریەک لە خوێندنگە بنەڕەتییەکانی هەرێم، یەکەمیان پسپۆربێت لە بواری هونەری شێوەکاری، دوەمیان پسپۆربێت لە بواری هونەری شانۆ، سێەمیان پسپۆربێت لە بواری هونەری موزیک و گۆرانی. بۆ ئەوەی هەستن بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی بابەتی پەروەردەی بە تەواویی و پرۆفیشناڵانە. باشتروایە لە دەرچوانی بەشی پەروەردەی هونەر بن.

## ٤-٤ پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:

توێژەر بەمەبەستی قوڵبونەوە و فراوانکردنی پانتایی و سنوری توێژینەوەکە، پێویستدەکات بەئەنجامدانی چەندین توێژینەوەی زانستیتر لە پێناوی پێشخستنی ڕەوتی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستان، لەم ڕوانگەوە ئەم پێشنیازانەی خوارەوە وەک ناونیشانی توێژینەوەیتر، بۆ توێژەران و خوێندکارانی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتورا) دەخاتەڕو:

٤-٤-١ دەرخستنی (واقع) کار و چالاکییەکانی شانۆی قوتابخانەیی لەخوێندنگاکانی خوێندنی بنەڕەتی شاری سلێمانی، لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی پەروەردەی هونەری و سەپەرشتیارە پسپۆرەکان).

٤-٤-٢ دەرخستنی (واقع) کار و چالاکییەکانی شانۆی قوتابخانەیی لەخوێندنگاکانی خوێندنی بنەڕەتی شاری هەولێر،لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە.

٤-٤- ٣ دەرخستنی (واقع) کار و چالاکییەکانی شانۆی قوتابخانەیی لە خوێندنگاکانی خۆیندنی بنەڕەتی شاری دهۆک،لە ڕوانگەی مامۆستایانی پەروەردەی هونەری و سەرپەرشتیارە پسپۆڕەکان).

٤-٢-٤ دەرخستنی (واقع) کاروچالاکیەکانی شانۆی قوتابخانەیی لە خوێندنگاکانی خوێندنی بنەڕەتی شاری دهۆک لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە.

٤-٢-٥ دەرخستنی (واقع) کار و چالاکییەکانی شانۆی قوتابخانەیی لە خوێندنگاکانی خوێندنی بنەڕەتی شاری سلێمانی لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# The Reality of School Theater Activities in Basic Education Schools in The City of Erbil and Ways to Develop it From The Viewpoint of Teachers and Specialized Supervisors

**Ahmed Abubakr Mustafa[1] - Jawad Nimat Hussein[2]**
[1+2]Art Education Department, College of Basic Education, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstruct:

The aim of the research is to reveal the reality of school theater activities in basic education schools in the city of Erbil and ways to develop it from the point of view of art education teachers, and specialized supervisors. The descriptive-analytical approach was followed as a research methodology according to the nature of its subject and objectives. The research community consisted of (370) teacher of the art education, and (16) specialized supervisors in the city center of Erbil, and the research sample included (74) teacher of the art education and (9) supervisors, who were deliberately chosen from the research community according to their field of specialization. The research tool consisted of two questionnaires, one of which was open to reveal the reality of the school theater activities, and the other was closed. It included (27) items as a problems and (36) items as a suggestions for developing activities. Its apparent validity and reliability were extracted by re-application, and after applying the two questionnaires in their final form at the original research sample. The data were statistically processed using the weighted mean equation and the percentile weight, and from most prominent results of the research as a problems are the following:

1- Looking at the subject of art education and its theatrical activities at a lower level compared to the rest of the study subjects prescribed by the rest of the teaching staff in basic education schools, as well as the students' families and society in general.

2- Weak interest in art education and school theater activities from the responsible and relevant authorities in the Ministry of Education and the General Directorate of Education in Erbil Governorate.

3- Weak interest in School Theater activities by the administrations in basic education schools in Erbil city.

Among the most prominent suggestions to development the theatrical activities at schools are the following:

A- Establishing or providing suitable halls for artistic activities, including school theater activities and their requirements in basic education schools in the city of Erbil.

B- Allocating appropriate and sufficient lessons for the art of School Theater and its activities within the lessonss of art education subject prescribed in basic education schools.

The research ended with a set of conclusions, recommendations and suggestions as a titles of other researchs.

**Keywords:** Activity**,** Theatre**,** Basic School**,** Look**,** Supervisors.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1**

## سەرچاوەکان:


الأنصاري، حسين. (١٩٨٥)، مفهوم المسرح التربوين مجلة الاجيال، العدد (٤)، نيسان، بغداد، نقابة المعلمين.

ابو حجله، اميره محمود (١٩٨٥)، في مسرح الكبار والصغار، ط ١، شركة الشرق الاوسط للطباعة، عمان.

ابو معال، عبد الفتاح.( ١٩٨٤)، في مسرح الطفل , ط ١ , دار الشروق للنشر و التوزيع , الاردن.

ابو مغلي، لينا و هيلات، مصطفي قسيم ( ٢٠٠٨)، الدراما والمسرح في التعليم، النظرية والتطبيق، ط ١، دار الراية للنشر والتوزيع.

الجبوری، محمد، المسرحي السينوغرافي و مهمة تشكيل خشبة المسرح في العراق، (مجلة الاكاديمى،ع ٤٦)، (أكاديمية الفنون الجميلة) (جامعة بغداد) بغداد ٢٠٠٥.

الزبيدي، علي، المسرحية العربية في العراق، مطبعة الرسالة، القاهرة، ١٩٦٧.

الغريب،امال، الحكاية الشعبية فى المسرح الطفل فى الكويت، مركز الوطن العربي ١٩٨٧.

البهرزي , علاء شاكر محمود (١٩٨٩) , تحليل التفاعل بين المدرس و وطلبته في المواد الفنية العلمية في قشم التربية الفنية – كلية فنون الجميلة – جامعة بغداد , (رسالة ماجستير غير منشورة).

الجادري، عدنان حسين (٢٠٠٧): الاحصاء الوصفي في العلوم التربوية، دار المسيرة للنشر، عمان.

سليمان، نايف احمد، تعليم الاطفال الدراما، المسرح و الفنون التشكيلية، الموسيقى،ط١،دارصفاء، عمان ٢٠٠٥.

جبر، غسان كاظم (٢٠٠٩). حقيبة تعليميمية لتفعيل نشاط المسرح المدرسي في المدارس الابتدائية لمحافظة ميسان، مجلة واسط للعلوم الانسانية، العدد (١٥)، ٢٠٠٩، (ص ٣٠٩- ٣٣٥).

دوفينيو، جان.(١٩٧٦)، سوسيولوجية المسرح: دراسة على الظلال الجمعية، تر: حافظ الجمالي، مطبعة وزارة الثقافة، دمشق.

السبتي،رند علي حسين (٢٠٠٨). دور المسرح المدرسي في تنمية قدرات طلبة المرحلة الاعدادية من وجهة نظر مدرسيي المادة والمشرفين الفنيين مجلة العلوم الانسانية / كلية التربية- صفي الدين الحلي، ٢٠٠٨ / ص ٣٦٠.

صبري , عزام عبدالرحمان (٢٠٠٦): الاحصاء الوصفي ونظام (SPSS) , جدارا للكتاب العالمي , عمان.

الطالب، عمر.(١٩٧١)، المسرحية العربية في العراق، النجف الاشرف، مطبعة النعمان،.

عطية، احمد سلمان (١٩٩٦)، وظيفة العروض المسرحية في المدارس ١٩٠٠-١٩٤٠، مجلة الاكاديمي، العدد ٣٤، بغداد.

غنيم، كمال أحمد، المسرح المدرسي ودوره في تنمية ثقافة الطفل، http://www.odabasham.net

المفرجي، احمد فياض (١٩٨٨)، الحياة المسرحية في العراق، دار الحرية للطباعة، بغداد،.

المفرجي، احمد فياض. ( ١٩٨٢)، الحياة المسرحية في العراق ١٨٨٠-١٩٢١، مجلة سينما العدد الاول، السنة الاولى، بغداد.

مقبل، فهمي توفيق ( ١٩٧٨)، النشاط المدرسي، مفهومه، تنظيمه، علاقته بالمنهج، ط ١، مطبعة المتوسط، بيروت.

المنبعي، حسن. (١٩٩٠)، المسرح مرة أخرى، العدد (٤٩) سلسلة شراع، طنجة. نقلا عن: ناصر، حلا عبدالحسين، تقويم النشاطات المسرحية في المدارس الثانوية في قضاء الخالص من وجهة نظر معلمي زمعلمات التربية الفنية، مجلة الفتح، تموز العدد (٥٤)، ٢٠١٣، (ص ٣٥٠- ٣٦٦).

مهدي، ثامر (١٩٨٥)، في المسرح المدرسي، الموسوعة الصغيرة (٨٣٥)، دار الحرية للطباعة، بغداد.

ناصر، حلا عبدالحسين.(٢٠١٣)، تقويم النشاطات المسرحية في المدارس الثانوية في قضاء الخالص من وجهة نظر معلمي زمعلمات التربية الفنية، مجلة الفتح، تموز العدد (٥٤)، ٢٠١٣، (ص ٣٥٠- ٣٦٦)

هارف،حسين علي، (٢٠٠٨)،المسرح التعليمي دراسة ونصوص، ط ١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد،.

وارد، وينفريد.( ١٩٦٦)، مسرح الاطفال، تر: محمد شاهين الجوهري، طبعة المعرفة، القاهرة.

واصف، منصور(١٩٨٥)، قراءة في المسرح الفلسطيني، مجلة الكرمل، العدد ١٨.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper1